وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی پەروەردەی تایبەت

# کێشە ڕەفتارییەکانی خوێندکارانی نابینا – نابیستی قۆناغی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە

پێشکەش بە

( بەشی پەروەردەی تایبەت – کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت / زانکۆی سلێمانی )
کراوە وەک بەشێک لە داواکارییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ( بەکالۆریۆس ) لە پەروەردەی تایبەت


ئامادەکردنی :

ڕۆزا فەرهاد حەمە

بە سەرپەرشتی :

د . کانی سالار عثمان


سالّی کۆچی ١٤٤٤

سالّی کوردی ٢٧٢٣

سالّی زاینی ٢٠٢٣

## بەڵێننامە

منی توێژەر کە ناو و واژۆم لەلای خوارەوە هاتووە بەڵێن دەدەم توێژینەوەکەم بە ناونیشانی:(کێشە ڕەفتارییەکانی خوێندکارانی نابینا – نابیستی قۆناغی بنەڕەتی لە ڕوانگەی ماملؤستایانەوە )

بە هەماهەنگی سەرپەرشتیار ( د . کانی سالار عثمان ) و بە سود وەرگرتن لەو سەرچاوانەی کە لە توێژینەوەکەمدا ئاماژەی بۆ کراوە ، تەواوکردووە بە پێچەوانەوە بەرپرسیارێتی دووبارەکردنەوە و کۆپیکردن و وەرگرتنی دەقاو دەق و هێنانی توێژینەوە لە شوێنێکی دی و پەیڕەو نەکردنی بنەما زانستیەکانی توێژینەوە هەڵدەگرم و ئامادەم بۆ هەموو لێپرسینەوەیەکی یاسایی .

ناو و واژۆی توێژەر :

ڕۆزا فەرهاد حەمە

ناو و واژۆی سەرپەرشتیار:

د. کانی سالار عثمان

## (فۆڕمی پێشکەشکردنی توێژینەوەی دەرچوون)

**دەستنوسی توێژینەوەی خوێندکار ( ڕۆزا فەرهاد حەمە ) بە ناونیشانی (کێشە ڕەفتارییەکانی خوێندکارانی نابینا – نابیستی قۆناغی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە )**

**پێداویستییەکانی توێژینەوەی زانستی تەواوکردووە ، بۆیە توێژینەوەکە دەخەینە بەردەستان بە مەبەستی هەڵسەنگاندن .**

**سەرپەرشتیار :**

**د . کانی سالار عثمان**

ڕێکەوتی :      /      / ٢٠٢٣

**بە پێی ئەو پێشنیازەی بەڕێزتان ئەم توێژینەوەیە دەخەینە بەردەستی گفتوگۆکاران بۆ هەڵسەنگاندن .**

**واژۆ :**

**سەرۆکی بەشی پەروەردەی تایبەت**

**پ . د . رشدی علی میرزا جاف**

**ڕێکەوتی :      /      / ٢٠٢٣**

# فۆڕمی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دەرچوون

**ناوی توێژەر : ڕۆزا فەرهاد حەمە**

**ناونیشانی توێژینەوەی دەرچوون :**

**(کێشە ڕەفتارییەکانی خوێندکارانی نابینا – نابیستی قۆناغی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە )**

**گفتوگۆکار** **گفتوگۆکار**

**ئەم توێژینەوەیە لەلایەن سەرۆکایەتی بەشی پەروەردەی تایبەت پەسەندکرا .**

**سەرۆکی بەشی پەروەردەی تایبەت**

**پ . د . رشدی علی میرزا جاف**

**ڕێکەوتی : / / ٢٠٢٣**

## ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- سەرجەم مامۆستایان و خوێندکارانی بەشی پەروەردەی تایبەت .
- سەرجەم مامۆستایانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت .
- سەرجەم خێزانی مندالانی خاوەن پێداویستی تایبەت ( نابینا و نابیست ) .

توێژەر

ڕۆزا فەرهاد حەمە

# سوپاس و پێزانین

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

- سوپاسی خوای گەورە بۆ یارمەتیدانم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە .
- سوپاس و پێزانینم بۆ بەڕێز ( د . کانی سالار عثمان ) کە ئەرکی سەرپەرشتی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆ وە ڕێنیشاندەر و هاوکارم بوو لەم توێژینەوەیەدا .
- سوپاس و پێزانین بۆ بەریز ( د . هۆشیار صدیق محمد ) کە لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەم هاوکارم بوو .
- سوپاسی تایبەتی خانەوادەکەم دەکەم کە هاوکارم بوون .
- سوپاس بۆ هەموو ئەو دەزگا و فەرمانگە حکومیانەی کە هاوکاریان کردم .
- سوپاس بۆ ئەوانەی کە بە پێدانی وشەیەک بێت هاوکاریان کردووم .

توێژەر

ڕۆزا فەرهاد حەمە

# پێڕست


| ناوی بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێننامە | أ |
| فۆڕمی پێشکەشکردنی توێژینەوەی دەرچوون | ب |
| فۆڕمی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دەرچوون | ت |
| پێشکەشە | ث |
| سوپاس و پێزانین | ج |
| پوختەی توێژینەوە | ١ |
| بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوەکە | |
| ١-١کێشەی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١-٢ گرنگی توێژینەوەکە | ٦ |
| ١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە | ٨ |
| ١-٤ سنووری توێژینەوەکە | ٨ |
| ١-٥ پێناسەی چەمک و زاراوەکان | ٩ |
| بەشی دووەم : ئەدەبیاتی توێژینەوەکە | |
| ٢-١ چوارچێوەی تیۆری | ١٥ |
| ١- کێشە ڕەفتارییەکان | ١٥ |
| ٢- پۆلێنکردنی کێشە ڕەفتارییەکان | ١٧ |
| ٣- تایبەتمەندیەکانی ئەو منداڵانەی کە کێشەی ڕەفتارییان هەیە | ٢٢ |
| ٤- هۆکارەکانی دروستبوونی کێشە ڕەفتارییەکان | ٢٤ |
| ٥- کێشەی ڕەفتاری شەڕانگیزی | ٢٥ |
| ٦- پوختەیەک لەسەر چەمک و مانای شەڕانگێزی | ٢٥ |
| ٧- شێوەکانی شەڕانگیزی | ٢٦ |
| ٨- کێشەی کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی | ٢٧ |
| ٩- هۆکارەکانی دروستبوونی کێشە ڕەفتارییەکان | ٢٨ |
| ١٠- گفتوگۆی هۆکارەکان | ٣٧ |
| ١١- نابینا و پەککەوتەی بینین | ٣٨ |
| ١٢- پوختەیەک لەسەر نابینا | ٣٨ |
| ١٣- تێڕوانینێکی مێژوویی بۆ پەرەپێدانی چاودێری بۆ کەم بیناکان | ٣٩ |
| ١٤ – جۆرەکانی نابینا و لاوازی بینین و پۆلێنکردنیان | ٣٩ |
| ١٥- نابیست | ٤٢ |
| ١٦- پوختەیەک لەسەر نابیست | ٤٢ |
| ١٧-گەشەسەندنی مێژوویی | ٤٣ |

| | |
|---|---|
| ١٨- سروشتی دەنگ | ٤٣ |
| ١٩- پۆلێنکردنی نابیست و پەککەوتەی بیستن | ٤٤ |
| ٢٠- نیشانەکانی گرفتی بیستن | ٤٧ |
| ٢١- هۆکارەکانی تێکچوونی بیستن | ٤٩ |
| بەشی سێیەم : ڕێکارەکانی توێژینەوە | |
| ١ - ڕێبازی توێژینەوە | ٥٢ |
| ٢ - کۆمەڵگای توێژینەوەکە | ٥٢ |
| ٣- نموونەی توێژینەوەکە | ٥٣ |
| ٤- کەرەستەی توێژینەوەکە | ٥٣ |
| ٥- ڕاستگۆیی پێوەرەکە | ٥٣ |
| ٦- جێگیری پێوەرەکە | ٥٤ |
| ٧- جێبەجێکردنی توێژینەوەکە | ٥٥ |
| ٨- ئامڕازە ئامارییەکان | ٥٥ |
| بەشی چوارەم : خستنە ڕوو و ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان | |
| ١- دەرئەنجامەکان ( خستنەڕووی ئامانجەکان و ڕاڤەکردنیان ) | ٥٧ |
| ٢- ڕاسپاردەکان | ٦٣ |
| ٣- پێشنیازەکان | ٦٤ |
| سەرچاوەکان | ٦٦ |
| پاشکۆکان | ٧١ |

## پێڕستی خشتەکان


| ژ | ناوی خشتە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ریژەی ڕەزامەندی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری پەروەردە و دەرونزانی لەسەر بڕگەکانی شەڕانگیزی | ٥٤ |
| ٢ | ریژەی ڕەزامەندی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری پەروەردە و دەرونزانی لەسەر بڕگەکانی کشاندنەوە | ٥٤ |
| ٣ | ڕێژەی بەربڵاوی کێشەی ڕەفتاری شەڕانگیزی لەلای منداڵانی نابیست | ٥٨ |
| ٤ | ڕێژەی بەربڵاوی کێشەی ڕەفتاری کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵانی نابیست | ٥٩ |
| ٥ | ڕێژەی بەربڵاوی کێشەی ڕەفتاری شەڕانگیزی لەلای منداڵانی نابینا | ٦٠ |
| ٦ | ڕێژەی بەربڵاوی کێشەی ڕەفتاری کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵانی نابینا | ٦١ |
| ٧ | بەراوردکردنی کێشە ڕەفتارییەکان ( شەڕانگیزی ) لەلای منداڵانی نابیستی و منداڵانی نابینا | ٦٢ |
| ٨ | بەراوردکردنی کێشە ڕەفتارییەکان ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لەلای منداڵانی نابیستی و منداڵانی نابینا | ٦٣ |


## لیستی پاشکۆ


| ز | ناونیشانی پاشکۆ | ژمارەی پەڕە |
|---|---|---|
| ١ | وێنەی یەکەم لە پێوەری شەڕانگێزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی | ٧١ |
| ٢ | ناوی شارەزا و پسپۆرە دەروونیەکان بەپێی نازناوی زانستی و شوێنی کارکردنیان | ٧٦ |
| ٣ | وێنەی دووەم لە پێوەری شەڕانگیزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی دوای هەڵسەنگاندن لەلایەن شارەزایان | ٧٧ |

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیەم ئەنجامدا بە مەبەستی زانینی (کێشە ڕەفتارییەکانی خوێندکارانی نابینا – نابیست لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە ) .

یەکێک لە نیشانە پێشکەوتوەکانی کۆمەڵگا بریتییە لە گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت وەک هەر تاکێکی تری کۆمەڵگا ، کە بەم هۆیەوە بۆمان دەرەکەوێت کە کاریگەری کێشە ڕەفتارییەکان لەسەر منداڵانی پەککەوتە زیاترە وەک لەسەر منداڵانی ئاسایی بەهۆی پەککەوتەییەکەیانەوە کە ئەمەش هەستکردن بە کەمی و بێدەسەڵاتیان بۆ دروست دەکات .

بۆیە بە گرنگم زانی کە توێژینەوەیەک دەربارەی کێشەی ڕەفتاری لەلای منداڵانی نابینا و نابیست ئەنجام بدەم کە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی کێشە ڕەفتارییەکان ( شەڕانگیزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتیە ) لەلای منداڵانی نابینا و نابیست لە ڕوانگەی مامۆستاکانیانەوە لە هەردوو پەیمانگای ( هیوای نابیستان و ڕووناکی نابینایان ) لە شاری سلێمانی ،

کیشە ڕەفتارییەکان بە یەکێک لە کاریگەرترین ئەو کێشانە هەژمار دەکرێت کە کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لەسەر پرۆسەی فێربوون لەناو پۆل ، کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم توانا و لێهاتوویەکانی مامۆستا و تێکدانی ژینگەی خوێندن و فێربوون لەلای سەرجەم خوێندکارانی پۆلەکە و کەسی خاوەن کێشەکە .

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا هەستاوین بە دانانی ئەو زانیاریانەی کە  دەربارەی کێشە ڕەفتاریەکان و پۆلێنکردنیان و تایبەتمەنی و هۆکارەکانی کێشەڕەفتاریەکان و باسکردنی کێشەی ڕەفتاری ( شەڕانگێزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) هەروەها باسکردنی پەککەوتەیی بینین و پەکەوتەی بیستنن وەک ( تێڕوانینی مێژووی و جۆرەکانیان و هۆکار و نیشانەکان ) .

پاشان بە سود وەرگرتن لە خوێندنەوە و گەڕان لە چەن سەرچاوە و توێژینەوەیەک هەستاین بە ئامادەکردن و دانانی پێوەر بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردن و پێوانەکردنی کێشەی ڕەفتاری شەڕانگێزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ، دواتر ئەم پێوەرانەمان بەسەر چەن پسپۆڕێکی پەروەردەی و دەروونی دا دابەشکرد بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی پێوەرەکانمان ، دواتر دابەشکردنی پێوەرەکان بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا .

**لە بەشی سێیەم ئاماژەمان بە کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەی توێژینەوەکە و ڕاستگۆی و جێگیری و ئامڕازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە داوە .**

**بۆ دەستنیشانکردنی کێشە ڕەفتارییەکانی ( شەڕانگێزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) و زانینی ئاستی هەر یەکێکیان لە لای مندالانی نابینا و نابیست وبەراوردکردن پاش پراکتیزەکردنی ئەم پێوەرانە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەماندا گەیشتین بە ئەو ئەنجامەی کە هیچ کێشەیەکی ڕەفتاری لە جۆری ( شەڕانگیزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لەلای منداڵانی نابینا و نابیست بوونی نیە و هەردوو جۆرەکە لە کێشەکان وەک یەکن لەلای منداڵانی نابینا و نابیست. .**

# بەشی یەکەم

## ناساندنی توێژینەوەکە

- کێشەی توێژینەوەکە .
- گرنگی توێژینەوەکە .
- ئامانجی توێژینەوەکە .
- سنووری توێژینەوەکە .
- پێناسەی چەمک و زاراوەکان .

## بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوەکە

### کێشەی توێژینەوەکە :

کێشە ڕەفتاریەکان بە یەکێک لە کاریگەرترین ئەو کێشانە هەژمار ئەکرێت کە کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لەسەر پرۆسەی فێربوون لەناو پۆل ، کە ئەبێتە ڕێگر لەبەردەم توانا و لێهاتوویەکانی مامۆستا و تێکدانی ژینگەی خوێندن و فێربوون لە سەرجەم خوێندکارانی پۆلەکە و کەسی خاوەن کێشەکە ( زیدان و الشواقفة ، ٢٠٠٧ ، لا ٥٨ ) .

کێشە ڕەفتاریەکان زۆرن و جۆراوجۆرن وەک ( نەگونجاندن یان گونجاندنی ئەکادیمی ، وازهێنان لە خوێندن ، ئامادەنەبوونی بەردەوام لە قوتابخانە ، بەیانیان درەنگ چوون بۆ قوتابخانە ، فێڵکردن لە تاقیکردنەوەکان و ئەنجامنەدانی ئەرکی ماڵەوە ، تێکدانی کەلوپەلی قوتابخانە ، لێدانی هاوتەمەنەکان و بەزۆر بردنی کەلوپەلەکانیان ، دزی و ناپاکی ، کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ، پاڵنەرێکی لاواز بۆ خوێندن ، خوی هەڵەی خوێندن ، کەمی بەشداریکردنی ناو پۆل ، کەمتوانایی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان ، شکستهێنان و دووبارەکردنەوە ، شەڕانگێزی ) کە هەریەک لەم ڕەفتارانە کاریگەری نەرێنیان هەیە بۆ خاوەنی کێشەکە و هاوپۆلەکانی بەتایبەت کێشەی شەڕانگێزی کە دەبێتە هۆی دروستکردنی گرفت لەڕووی دەروونی جەستەیی بۆ سەرجەم منداڵانی پۆلەکە و تێکدانی کەش و هەوای خوێندن و لێکەوتەی زۆر خراپی دەبێت لەسەر منداڵە خاوەن کێشەکە و ئەگەر چارەسەر نەکرێت بۆی هەیە لە دواڕۆژدا ببێتە هەڕەشە لەسەر ە دروستی دەروونی منداڵەکە لەڕێ دەرچوون و توشبوون بە زۆر جۆر گرفتی دەروونی کۆمەڵایەتی .

لەهەمان کاتدا جۆرێکی تر یان ڕوویەکی تری کێشە ڕەفتارییەکان بۆی هەیە کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی بێت ، کە بەیەکێک لە کێشە گەورەکان هەژمار دەکرێت کە کاریگەری نەرێنی دەبێت بۆ سەر منداڵەکە لە ڕووی هەڵسەنکاندنی خود و گۆشەگیر بوون و بڕوابەخۆبوونەوە کە ئاکام و دەرئەنجامی دەبێتە هۆی وازهێنان لە خوێندن و دورکەوتنەوە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و توشبوون بە شڵەژانەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی (المعایطة و الجغیمان ، ٢٠٠٥ ، لا ١٥٦) .

هەستەکان هۆکاری پەیوەندیکردنی مرۆڤەکانن بە جیهانی دەرەوەی خۆیان ، هەر بۆیە بوونی گرفت لە هەریەکێک لە هەستەوەرەکان کۆمەڵێک گرفت و بارگرانی دەروونی بۆ تاکەکان بەدوای خۆیاندا دەهێنن بەتایبەت لە قۆناغێ منداڵیدا ، کە ئەم قۆناغە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر دروستبوونی کەسایەتی منداڵ و دروستکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەورووبەر .

لەدەستدانی هەستەوەر یان توانای بینین و بیستن بە یەکێک لەو کێشە گەورانە دادەندرێت کە بارگرانی بۆ ژیانی تاکەکان دروست ئەکەن و دەبنە هۆی دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم

چێژ بینین و پەیوەندیکردن و بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان وە دروستکردنی گرفتی ڕەفتاری و شڵەژانی دەروونی لەلای تاکەکان ( الفرماوي و النساج ، ٢٠١٠ ، لا ٩٧ ) .

توێژینەوەکان دەریانخستووە کە منداڵانی خاوەن گرفتی بیستن زیاتر دەناڵێنن بە گرفتی دەروونیەوە بە بەراورد بە منداڵانی ئاسایی ، وەک پشتبەستن بە کەسانی تر ( وابەستەیی ) ، دڵەڕاوکێ ، خۆپەرستی ، شەڕانگێزی ، زوو تووڕەبوون ، ڕەفتاری نا یاسایی ، بێباکی و پاڵنەر ، کەم تێگەیشتن لە کاردانەوەی کەسانی تر ، لاوازی لە ڕێزگرتنی خود ، کەمی ژیری و لێهاتووی ، کێشانی وێنەیەکی کەمتری واقعی خود ، دەمارگیری ، هەستکردن بە نائارامی ، هەستکردن بە تەنهایی ، ڕەقبوون و تێنەگەشتنی سۆزداری و کۆمەڵایەتی (بحراوي و التل ، ٢٠١٢ ، لا ١٠٣ ).

چوونکە گرفتی بیستن ڕێگری دەکات لە گەشەسەندنی لایەنی زمانی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی لاوازی بینین کە ڕێگری لە گەشەی زمان و دەروونی و کۆمەڵایەتی ناکات ، کاریگەریەکانی گرفتی بیستن لەسەر زۆرێک لە تایبەتمەندیە کەسییەکان دیارە وەک تایبەتمەندیە زمانەوانیەکان ، کۆمەڵایەتیەکان ، دەروونیەکان و ئەکادیمیەکان ( الروسان ، ٢٠٠١ ، لا ١٧٧ ) ، توێژینەوەی ( یحیی ، ٢٠٠٦ ) و توێژینەوەی ( وافی ، ٢٠٠٦ ) ئاماژەی بە سەرهەڵدانی گرفتی توندی ڕەفتار کردووە لە نێوان منداڵانی خاوەن گرفتی بیستندا ، وە هەروەها توێژینەوەی ( الحربي ، ٢٠٠٣) باس لە کێشە ڕەفتاریەکان دەکات لەلای منداڵانی نابیست .

بەو پێیەی هەستی منداڵی نابیست بەرامبەر بە خودی خۆی ڕەنگدانەوەی هەستی دەوروبەرێتی بەرامبەر بە خۆی و کەمئەندامیەکەی ، کەسی نابیست وێنەیەکی دەروونی خودی هەیە و ئەم وێنەیەش لە بنیاتنانی کەسێتیەکەیدا گرنگیەکی زۆری هەیە ، لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە خودی خۆی و ڕەفتارەکانی کاریگەری هەیە لەسەری تا ئەوپەڕی سنور ، نەک لەو کاتە کە هەستکردن بە کەمی هەیە بەڵکو لە باقی لایەنەکانی دیکەشدا و ئەمەش لە ئەنجامی شێوازی مامەڵەکردنی دەوروبەر لەگەڵیاندا وەریدەگرێت کە کاریگەری لەسەر بنیاتنانی کەسێتی و تەنانەت ڕەفتار و کاردانەوەکانی لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا هەیە ، وە کاتێک نابیستەکە لە ئەنجامی کەمئەندامیەکەیدا هەستێکی کەمتەرخەمی بەسەردا زاڵ دەبێت کە لەوانی تر کەمترە نەک تەنها لەو لایەنەی کە کەمی هەیە بەڵکو لە باقی لایەنەکانی تری کەسێتیەکەیدا ئەوە پابەند دەبێت بەو ڕەفتارانەی کە هەوڵی بەرگریکردن لە خۆی دەدەن . وە هەموو ئەمانە لە ئەنجامی ئەو بێزارییانە ڕوودەدەن کە دەوروبەری بەرکەوتەی دەبن (الحربي ، ٢٠٠٣ ، لا ٣ ) .

بەهەمان شێوە وەک چۆن لەلای منداڵانی نابیست کێشەی ڕەفتاری بوونی هەیە و کارگەری نەرێنی هەیە وەک ئاماژەمان پێدا بەهەمان شێوەش لای منداڵانی نابینا کێشەی ڕەفتاری بوونی هەیە و کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر خودی منداڵە نابیناکە و کەسانی چواردەوری ، بۆ نموونە توێژینەوەی ( وریکات و الشوري ، ١٩٩٦ ) توێژینەوەیەکیان ئەنجامداوە بە ئامانجی دەستنیشانکردنی کێشەی ڕەفتاری لە نێوان خوێندکارانی نابینا لە قوتابخانەکانی پەروەردەی

**تایبەت ، وە هەروەها توێژینەوەی ( صالحة ، ٢٠٠٧ ) باس لە کێشەی ڕەفتار و سۆزداری کەسانی کەم بینا و پەیوەندیان بە گۆڕاوەکانی هۆکار و ئاستی لاوازی بینین دەکەن ، وە هەروەها توێژینەوەکانی ( شعبان ، ٢٠١٠ ) و (الحربی ، ٢٠٠٣ ) و ( هولون ، دریبت و آخرون ، ١٩٩٢ ) باس لە کێشە ڕەفتاریەکانی منداڵانی نابینا و کاریگەریەکانی لەسەر خود و دەوروبەر دەکەن .**

**ناکۆکی توێژینەوەکانی ڕابردوو سەبارەت بە ئاستی کێشە ڕەفتاریەکان لەلای منداڵانی نابینا و نابیست ، کە ئەگۆڕێتەوە بەهۆی بوونی جیاوازی لە جۆر و گرنگی هەستەوەرەکە ، بووە پاڵنەرێک بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەو پێیەی ( بەپێی زانیاری توێژەر ) هیچ توێژینەوەیەکی بەراوردی بەم جۆرە بە ئەنجام نەگەیەندراوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەم بوارەدا .**

## گرنگی توێژینەوە :

**یەکێک لە نیشانەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بریتیە لە گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت وەک هەریەک لە تاکەکانی تری کۆمەڵگا ، بەو پێیەی ئەوانیش مافی ژیان و چێژ بینینیان هەیە .**

**کێشە ڕەفتاریەکان کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئەو منداڵانەی کە توشی ئەم گرفتە ئەبن ، کە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر لایەنی کەسێتی و ئایندەی خوێندنیان و زۆر جار هەڕەشە دەبێت بۆ سەر لایەنی سەلامەتی و تەندروستیشیان .**

**ئەمە جگە لەوەی کە دەبێتە هۆی بارگرانی بۆ پڕۆسەی خوێندن و فێرکردن و دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ئەدای مامۆستا لەناو پۆلدا و تێکدانی کەش و هەوای ناو پۆل و دروستکردنی کێشە بۆ هاوپۆلەکان و خێزانی ئەم منداڵانە ( زیدان و الشواقفة ، ٢٠٠٧ ، ص ٥٨ ) ( جابر ، ١٩٩٤ ، لا ٢٨٣).**

**کاریگەری کێشە ڕەفتاریەکان لەسەر منداڵانی پەککەوتە زیاترە لەسەر منداڵانی ئاسایی بەهۆی پەککەوتەییەکەیانەوە ، ئەمەش هەستکردن بە کەمی و بێدەسەڵاتیان بۆ دروست دەکات ، ژمارەیەک توێژینەوە ئاماژەیان بە کاریگەری تێکچوونی بیستن ، بینین و جوڵە و توانای زمان کردوە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر زۆرێک لە ڕەفتارەکانیان دەبێت (أباظة، ٢٠٠٨، لا١٧ ) .**

**منداڵی نابیست بەهۆی کێشەی بیستنەوە لایەنی دەربڕین و زمانەوانیشی کاریگەر دەبێت وە بەو پێیەی کە زمان ئامڕازی یەکەم و بنەڕەتیە لە پڕۆسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا کاریگەری دەبێت لەسەر توانای دەربڕینی خود و پێداویستیەکانیان لە خێزان ، قوتابخانە ، کار یان**

ژینگەی کۆمەڵایەتی وە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر پێگەی ئەکادیمی و کەمبونەوەی ئاستی خوێندنیش دەبێت ( الروسان ، ٢٠٠١ ، لا ١٧٦ – ١٨٠ ) .

بەم هۆیەشەوە منداڵانی نابیست زیاتر توشی کێشە ڕەفتاریەکان دەبن لەچاو هاوتەمەنە ئاساییەکانیان ، دەرئەنجامی توێژینەوەی ( لبر و تشویج) دەریخستوە گرفتی بیستن کاریگەری هەیە لەسەر هەستکردن بە کەمی و خراپی گونجاندنی کۆمەڵایەتی وە توێژینەوەکەی (جریجور) ئەنجامەکانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە منداڵێ نابیست مەیلیان هەیە لە بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی و بێتوانایی لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی ، توێژینەوەیەکی دیکە ئاماژەی بەوە کردوە کە منداڵانی نابیست زیاتر توشی تەقینەوەی توڕیی و دڵەڕاوکێ و کەم چەمکی خۆیان دەبن لەچاو هاوتەمەنە ئاساییەکانیان ( یوسف ، ٢٠٠٠، لا ٤٠ ) چوونکە هەستی بیستن یەکێکە لەو هەستە گرنگانەی کە تاک پشتی پێدەبەستێت لە کارلێککردنی لەگەڵ کەسانی دیکە لە کاتی بارودۆخە جیاوازەکانی ژیاندا ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پێشوازیەکی کراوەیە بۆ هەموو هاندەر و ئەزموونە دەرەکییەکان و لە ڕێگەیەوە تاک دەتوانێت لەگەڵ ئەوانی دیکە پێکەوە بژی .

لێرەوە پەککەوتەی بیستن بە یەکێک لە تێکچوونە سەخت و قورسە هەستیارەکان دادەندرێت کە توشی مرۆڤ دەبێت ، وە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی توانای قسەکردن جگە لە بیستن ، هەر بۆیە ئەستەمە بۆ نابیستەکان زمان و قسەکردن بەدەست بهێنن یان فێری کارامەیی جیاوازی ژیان ببن ( مفتاح ، ٢٠٠٩ ، لا ٧ ) .

## گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی ئەبینێتەوە لە :-

١- گرنگی بابەتی توێژینەوەکە ، کە خۆی لە ئاکام و دەرئەنجامە نەرێنیەکانی کێشە ڕەفتاریەکان ئەبینێتەوە، کە ئەم بابەتە پێویستی زۆری بە توێژینەوە هەیە .

٢- گرنگی چین و توێژی توێژینەوەکە ، کە منداڵانی نابیست و نابینا ئەگرێتەوە ، کە پێویستە پشتگوێ نەخرێت و کێشە و گرفتەکانیان لەبەچاو بگیرێت ، هەتا بتوانین لە ڕێگەی ئەم توێژینەوانەوە ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەو منداڵانە و کێشەکانیان .

٣- گرنگی دەرئەنجامەکانی بۆ ئەو کەسانەی کە کار ئەکەن لە بواری پەروەردەی تایبەت و دایک و باوک و بەخێوکەری ئەو منداڵانە و مامۆستاکانیان ، سەبارەت بە چۆنێتی ڕێگری کردن لە تەشەنەی ئەم ڕەفتارانە و مامەڵەی پێویست لەگەڵیان .

٤- لە ڕووی تیۆریەوە ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی هەیە بۆ کتێبخانەی بەشی پەروەردەی تایبەت ، بەوەی کە ئاوڕی لە بابەتێک داوەتەوە کە توێژینەوەی بەراوردی لەسەر نەکراوە .

## ئامانجی توێژینەوەکە :-

**١- زانینی ئاستی بەربڵاوی کێشە ڕەفتاریەکان ( شەڕانگێزی ) لەلای منداڵانی نابیست .**

**٢- زانینی ئاستی بەربڵاوی کێشە ڕەفتاریەکان ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لەلای منداڵانی نابیست**

**٣- زانینی ئاستی بەربڵاوی کێشە ڕەفتاریەکان ( شەڕانگێزی ) لەلای منداڵانی نابینا .**

**٤- زانینی ئاستی بەربڵاوی کێشە ڕەفتاریەکان (کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لەلای منداڵانی نابینا**

**٥- بەراوردکردنی کێشە ڕەفتارییەکان (شەڕانگێزی ) لە نێوان منداڵانی نابیست و نابینا .**

**٦- بەراوردکردنی کێشە ڕەفتارییەکان ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لە نێوان منداڵانی نابیست و نابینا .**

## سنوری توێژینەوەکە :-

**سەرجەم منداڵانی ( نابینا نابیست ) کە تەمەنیان لە نێوان ( ٦ بۆ ٩ ) ساڵی دایە ئەگرێتەوە لە پەیمانگای ( هیوای نابیستان و ڕووناکی نابینایان ) تایبەت بەم دوو گرفتە لەناو شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ ــ ٢٠٢٣ .**

## پێناسەی چەمک و زاراوەکان :

### کێشەی ڕەفتاری

- ( یحیی ، ٢٠٠٠ ) جۆرێکە لە ڕەفتارێکی نائاسایی کە لە ئەنجامی کەموکوڕی لە پڕۆسەی فێربووندا لەلایەن تاکێکەوە دێتە ئاراوە ، زۆر جار ئەمە لە شێوەی بەهێزکردنی ڕەفتاری نەگونجاندایە ، نەک بەهێزکردنی ڕەفتاری گونجاو .

- ( الجبالي ، ٢٠٠٦ ) کێشەی ڕەفتاری : بریتیە لە شێوازی جۆرا و جۆری ڕەفتاری نائاسایی لە بوارە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان کە کێشە بۆ منداڵ و کەسانی دەوروبەر دروست ئەکەن.

- ( الزغول ، ٢٠٠٦ ) کێشەی ڕەفتاری : بریتیە لە دروستبوونی ڕەفتاری لادەر و نەگونجاو بەهۆی گرفتی کرۆمۆسۆمی و جینی یاخود بەهۆیی بارودۆخێکی دەماری .

- پێناسەی ڕێککاری : بریتیە لەو نمرەیەی کە وەڵامدەر بەدەستی ئەهێنێت لەسەر ڕاپرسی کێشە ڕەفتارییەکان لەم توێژینەوەیەدا ، کە لێرەدا دوو جۆر خراوەتە بەر باس ئەوانیش کێشەی شەڕانگێزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتیە .

- پێناسەی تیۆری : نمرەی بەدەستهاتووە لە پێوەری کێشە ڕەفتاریەکان لەم توێژینەوەیەدا.

### شەڕانگێزی

- ( الزغول ، ٢٠٠٦ ) شەڕانگێزی : بەمانای گشتی هەر ڕەفتارێکە کە ئامانجی زیانگەیاندن بە کەسانی تر ، لەناوبردنی ماڵ و موڵک یان زیانگەیاندن بە خود دێت .

- ( هالاهان وکوفمان ، ٢٠٠٨ ) شەڕانگێزی ( شێوەی دەرەکی ڕەفتار ) : بریتیە لە لێدان ، شەڕکردن ، گاڵتەکردن ، ڕەتکردنەوەی پابەندبوون بە فەرمانەکان ، هاوارکردن ، لەناوبردن ، زەوتکردن و تێکدانی بە مەبەست لە موڵک و ماڵی گشتییان تایبەت ، ڕەفتار گەلێکن کە ئەگەر منداڵێک هەر یەکێکیان هەموویان پیشان بدات زۆر جار ئەگەری ئەوە زیاترە کە پێی بوترێت ئاژاوە گێڕ .

- **پێناسەی** (ferguson , et al 2013 ) شەڕانگێزی : ڕەفتارێکە کە شەڕانگێزی بەهۆیەوە بەنیازە زیان بە کەسانی دیکە بگەیەنێت ، شەڕانگێزی لەلایەن زۆرێک لە دەروونناسەکانەوە پێناسەکراوە ، شەڕانگێزی سیفات بۆ فۆڕمی تایبەتی ڕەفتار بەکار دەهێندرێت ( وەک پیاکێشان و لێدان ) یان لەسەر هەندێک جۆری ڕووداوی سۆزداری ، یان هەردووکیان ، یان لەسەر دیاردەکانی هاوڕێی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان وەک ( دەستدرێژی و ڕق ) یان لەسەر کاریگەریەکانی پاڵنەر .

- پێناسەی ڕێککاری : بریتییە لەو نمرەیەی کە وەڵامدەر بەدەستی دەهێنێت لەسەر پێوەری شەڕانگیزی .

## کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی

- (یحیی ، ٢٠٠٠ ) کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی : بریتیە لە شێوازێکی ڕەفتار کە بە زۆری تایبەتمەندە بە دورخستنەوەی تاک لە خۆی ، وە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ژیانی ئاسایی ، وە ئەمەش لەگەڵ بێزاری و گرژی و نائومێدیدایە ، کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی دوورکەوتنەوەیە لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاسایی کە ئەمەش نەبوونی هاوکاری و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی بۆ هاوڕێ و هەندێک جار هەڵهاتنە لەو ڕاستیەی کە تاک تێیدا دەژی .

- (الزغول ، ٢٠٠٦ ) کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی : یەکێکە لە کێشە ڕەفتارییەکان بەربڵاوە لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی تەمەن ، کە دەبێتە هۆی گۆشەگیری و خود تەنیایی و دوورکەوتنەوە لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان .

- ( القمش و المعایطة ، ٢٠٠٧ ) کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی : بریتیە لە ڕەفتاری کشاندنەوە و گەڕانەوە بەرەو ناوەوەی خود و دوورکەوتنەوە بە شیوەیەکی فیزیکی ( تێکەڵاو نەبوون لەگەڵ خەڵک ) وە شێوەی سۆزی و هەڵچوونی ( بەشدارینەکردن لە هەست و سۆزەکان ) .

- پێناسەی ڕێککاری : بریتییە لەو نمرەیەی کە وەڵامدەر بەدەستی دەهێنێت لەسەر پێوەری کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی .

## نابینا و جۆرەکانی

- ( سیسالم ، ١٩٩٧ ) نابینا : بریتیە لە تێکچوونی بینین لەڕووی توندی و ڕادەی کاریگەریەکەی لەسەر بینین بە پێی بەشە توشبوەکەی چاو و ڕادەی زەرەرمەند بوون و کاتی زەرەرمەند بوونەکە جیاوازە ، هەروەها بە پێی ئەو ڕادەیەی کە دەتواندرێت زەرەرمەند بوونەکە لە ڕێگای بەکار هێنانی ئامێری بینین یان لە ڕێگای نەشتەرگەریەوە باشتر بکرێت ، دەگۆڕێت ، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین چوار جۆری سەرەکی لاوازی بینین پۆلێن بکەین ، کەبریتین : نابینایی تەواو ، نابینایی یاسایی ، نابینایی بەشێکی بینین ( کەم بینین ) ، و کێسەکانی تری بینی .

- ( سیسالم ، ١٩٩٧ ) نابینا : ئەمە بەو مانایە نایەت کە مرۆڤێکی تەواو نابینا لە تاریکیەکی تەواودا دەژی ، لە ڕاستیدا زۆربەی کەسانی تەواو نابینا وەڵامی هەندێک وروژێنەری بیندراو دەدەنەوە وەک ڕووناکی و تاریکی و سێبەر و تەنە جوڵاوەکان .

- ( سیسالم ، ١٩٩٧ ) نابینا : ئەو کەسەی لە ڕووی یاساییەوە نابینایە ئەو کەسەیە کە لە باشترین شیوەی چاوەکانیدا توانای بینینی ٢٠٠/٢٠ بێت ، بەڵام بەدەست بوارێکی بینایی تەسکەوە دەناڵێنێت کە کەمترە لە ٢٠ پلە .

- (الحديدي ، ٢٠١٤ ) پێناسەی پزیشکی : بەندە بە ڕێژەی تێکچوونی بینینەکەوە یان مەودای بینین لە توانای جیاکردنەوەی شێوە جیاوازەکان لە هەندێک ڕەهەندددا (دووریدا) ( بۆنموونە پیتەکان ، ژمارەکان یان هێماکانی تر ) ، بەتایبەتی مەودای بینین پێوەرێکە بۆ توانای چاو بۆ ڕەنگدانەوەی ڕووناکی بە جۆرێک کە تەرکیزی لەسەر تۆڕی چاو دەبێت .

- ( الشندويلي ، ٢٠١٨ ) نابینا : لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە ئەم پێناسانە ئامانجیان زانینی ڕادەی کاریگەری لاوازی بینین لەسەر فێرکردن و پەروەردەی تاکەکان و ئەو پێداویستیانەی کە دەسەپێندرێت لە ڕووی بەرنامە و شێواز و کەرەستەی پەروەردەییەوە ، بە جۆرێک کە خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکانی پێویست بۆیان دەتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستی و ورد دەستنیشان بکرێت و کاریگەرتر بۆ ئەوان بەدەست بهێندرێت بۆیە ئەو تاکەی کە توانای بەکارهێنانی نهێنی خۆی نییە بۆ بەدەستهێنانی زانست و پشت بە سوودوەرگرتن لە هەستەکانی تری لە پەروەردەدا دەبەستێت . ئەو منداڵانانەن کە باری بینینیان ڕێگری لە دەستکەوتی پەروەردەدا دەبەستێت . ئەو منداڵانەن کە باری بینینیان ڕێگری لە دەستکەوتی پەروەردەییان

دەکات . کەسێک کە لاوازی بینینی ئەوەندە توند بێت ( زۆر بێت ) دەبێت ڕێگای برایل بۆ خوێندنەوە بەکار بهێنێت .

- پێناسەی ڕێکاری بۆ نابینا : ئەو کەسانەن کە بە تەواوی بە شێوەیەکی بەشی هەستەوەری بینینیان لەدەست داوە ( بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی ) و توانای گونجاندنیان نیە لەگەڵ پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان لەبەر بوونی ئەم بارەیان بۆیە پێویستیان بە چاودێری و گرنگی پێدان هەیە لە بواری پەروەردەی تایبەت دا .

- پێناسەی تیۆری : بەپێی خوێندنەوەی توێژەر نابینا بریتیە لە پەککەوتنی ئاستی بینینی خوێندکارەکە یاخود منداڵەکە ئیتر نەبینینی تەواو بێت یان چاوکز لە ڕادەیەک بێت کە نەتوانێت بە ئاسانی ببینێت و بخوێنێتەوە .

## بیستن و گرفتی بیستن

- (عبدالحي . ٢٠٠٠ ) نابیست : ئەوانەن کە لەدایک دەبن بە تەواوی نابیست یان هەستی بیستنی ئەوەندە لە دەست دەدەن کە ڕێگری لە فێربوونی قسەکردن و زمان دەکات ، هەروەها ئەو منداڵانەی کە لە سەرەتای منداڵیدا پیس فێربوونی قسەکردن و زمان توانای بیستن لە دەست دەدەن ، بە جۆرێک کە توانای قسەکردن وە تێگەیشتن وە زمان دەبێتە یەکێک لە شتە ونبوەکانبۆ ئەوان لە پێداویستیەکانی قسەکردن .

- ( الشريف ، ٢٠١١ ) نابیست : تاکێکە بەدەست لەدەستدانی ٩٠ دیسیبڵ یان زیاتر دەناڵێنێت ، دوای بەکارهێنانی ئامێری بیستن ، ئەمەش ڕێگری دەکات لە پشت بەستن بە هەستی بیستن لە تێگەیشتن لە قسەکردن .

- ( بحراوي و التل ، ٢٠١٢ ) نابیست : کەسێکە بەدەست کەمی یان کەمئەندامی بەشێکەوە لە هەستەوەری بیستن دەناڵینیت ، وا دەکات بە سەختی لە قسەکردن تێبگات کە تەنها لەسەر بنەمای هەستی بیستن بێت ، بەڵام بە یارمەتی هەندێک بیستن دەتوانێت لە قسە تێبگەن بۆ ئەوەی بتوانێت لە قسەی بیستراو تێبگەن .

- پێناسەی ڕێککاری بۆ نابیست :ئەو گروپەن لە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە کێشەی بیستنیان هەیە لە سوکەوە بۆ توند کە بە تەواوی یان بەشێوەیەکی بەشی هەستەوەری بیستنیان لەدەستداوە ( بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی ) و توانای گونجاندنیان نیە لەگەڵ پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان لەبەر بوونی ئەم بارەیان بۆیە پێویستیان بە چاودێری و گرنگی پێدان هەیە لە بواری پەروەردەی تایبەتدا .

- پێناسەی تیۆری : بەپێی خوێندنەوەی توێژەر نابیست بریتیە لە پەککەوتنی ئاستی بیستن خوێندکارەکە یاخود منداڵەکە ئیتر نابیستی تەواو بێت یان لاوازی بیستن لە ڕادەیەک بێت کە نەتوانێت بە ئاسانی بەبێ ئامێری بیستن گوێی لە دەنگ و قسە ببێت .

# بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

# بەشی دووەم
# چوارچێوەی تیۆری

## کێشە ڕەفتاریەکان

پیش دەسپێکردنی پێناسەکردنی کێشەکانی ڕەفتار ، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە وەسفکردنی ڕەفتار بە شێوەیەکی ئاسایی یان نائاسایی ئاسان نییە چونکە بابەتێکی ڕێژەییەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری کات و شوێنەوە . ڕەنگە هەندێک ڕەفتار لە ئێستادا نائاسایی بن ، بەڵام لە ساڵانی پێشوو ئاسایی بووە ، وە ڕەنگە هەندێک ڕەفتار لە کۆمەڵگایەکدا نائاسایی بێت و ڕەنگە لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا وانەبێت ( الظاهیر ، ٢٠٠٨، لا٢٨٩) .

سەبارەت بە سەختی هەڵدەستین بە کێشانی هێڵێک لە نێوان منداڵانی ئاسایی و منداڵانی توشبوو بە تێکچوونی ڕەفتار و هەڵچوونی ، بەو پێیەی هەموو منداڵان جار جارە شێوازی ڕەفتاری شەڕانگێزی جیاواز ، شێوازی کشانەوە ، یان شێوازی ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی نیشان دەدەن بەڵام ئەوەی شێوازی ڕەفتاری منداڵانی کێشەدار جیا دەکاتەوە لە ڕووی ڕەفتار و سۆزدارییەوە ، دووبارەکردنەوە ، توندی ڕەفتارەکە و ماوەی ڕەفتارەکە یە کە توێژەر دواتر وردەکاریەکانی دەخاتە ڕوو ( یەحیی ، ٢٠٠٠ ، لا ٥٢ ) .

پێناسەیەکی زۆر بۆ کێشە ڕەفتاریەکان هەیە ، بەڵام هیچ ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە لەسەر هیچ کام لەم پێناسانە نییە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە :

١- ڕێکنەکەوتنی توێژەران لەسەر مانای ( ئاسایی ) یان ڕەفتاری ئاسایی یان لەسەر چەمکی تەندروستی دەروونی ، و بەمجۆرە ئەمەش ڕەنگدانەوەی سەختی پێناسەکردنی لادان یان نائاسایی لە ئاسایی دەبێتەوە ، بەوپێیەی توێژەران ناتوانن لەسەر نەبوونی دروستی دەروونی ڕێکبکەون لە کاتێکدا لە بنەڕەتدا لەسەر پێناسەی ئەوەی کە مەبەست لێی لەگەڵ تەندروستی دەروونیدا کۆک نین .

٢- ڕێکنەکەوتنی توێژەران لەسەر ڕێوشوێن و تاقیکردنەوەکان بۆ دیاریکردنی ڕەفتاری ناڕێک و ئەمەش لە ئەنجامی ڕێکنەکەوتنی نێوانیان بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر چەمکی ( ئاسایی ) یان ڕەفتاری ئاسایی .

٣- فرەیی جیاوازی تیۆرییە جیاوازەکان کە تێکچوونەکانی ڕەفتار و هۆکارەکانیان ڕوون دەکەنەوە ، هەروەها بەکارهێنانی زاراوە و پێناسە کە ڕەنگدانەوەی دیدگای جیاوازن .

٤- جیاوازی لە پێوەرەکان و ڕەفتاری چاوەڕوانکراو لە کەسەکان کە ڕەنگە لەلایەن گروپێک یان چەند گروپێک لە کۆمەڵگادا لە بڕیاردان لەسەر تێکچوونی ڕەفتاردا وەربگیرێن .

**٥- دەرکەوتنی تێکچوونی ڕەفتار لە پۆلە جیاوازەکانی کەمئەندامیدا ڕەنگە هەندێک جار زەحمەت بێت بۆ ئەوەی دیاری بکرێت کە ئایا ئەم تێکچوونە ڕەفتارە لە ئەنجامی ئەو کەمئەندامییە کەکەسەکە بەدەستیەوە دەناڵێنێت یان هۆکاری ئەو کەمئەندامییە یە ( القمش و المعایطة ، ٢٠٠٩ ، ص ١٣ ) .**

**بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کێشەیە ( سەختی هەبوونی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ کێشەکانی ڕەفتار ) کۆمەڵێک پێوەر بەکارهێنراون بۆ بڕیاردان لەسەر ڕەفتارەکە وەک ناڕێک ، کێشەدار ، یان نائاسایی، ئەم پێوەرانە بریتین لە :**

**١- دووبارەبوونەوەی ڕەفتار : ئەوەی مەبەستمانە لە دووبارەبوونەوەی ڕەفتارێک ژمارەی جارەکانی ڕوودانی ڕەفتارەکە لە ماوەی دیاریکراودا . بۆ نموونە زۆربەی منداڵان جارجارە شەڕ دەکەن ، بەڵام هەندێکیان زوو زوو شەڕ لەگەڵ هەندێکی تر دەکەن . هەروەها زۆربەی خەڵک لە ماوەی یەک کاتژمێردا چەند جارێک دەستیان دەشۆن . زۆربەی منداڵان هەوڵدەدەن سەرنجی مامۆستاکانیان بەدەستبهێنن ، بەڵام هەندێکیان هەوڵدەدەن بە شیوەیەکی بەردەوام سەرنجی مامۆستا بەدەستبهێنن لە ڕیگەی نەشیاوەوە ، لەم کاتانەدا دەڵێین ئەم ڕەفتارانە نائاساییین یان نائاساییین بەهۆی ئەو دووبارەبوونانەوە ڕوودەدات .**

**٢- ماوەی بەردەوامبوونی ڕەفتارەکە : هەندێک ڕەفتار بە نائاسایی دادەندرێت ، چوونکە ماوەی ڕوودانیان نائاساییە ، بەو پێیەی ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر زیاتر یان زۆر کەمتر لەوەی کە ئاساییە بمێنێتەوە ، ڕەنگە زۆربەی خوێندکاران هەندێک جار نەتوانن تەرکیز بکەن بەڵام هەندێکیان ناتوانن زیاتر لە چەند چرکەیەک تەرکیز بکەن ، ڕەنگە هەمووومان توڕەببین و توڕەیمان چەند خولەکێک بەردەوام بێت ، بەڵام تەقینەوەی توڕەیی ڕەنگە بۆ هەندێکمان بۆ ماوەی کاتژمێرێک یان زیاتر بەردەوام بێت .**

**کۆرپە دەگری ، بەڵام هەندێک لە کۆرپە ڕۆژانە چەند کاتژمێرێک دەگرین ، کەواتە ڕەفتارەکە بە نائاسایی وەسفدەکرێت ئەگەر لە ماوەی خۆی لابدات ( الخطیب ، ٢٠٠٣ ، لا ٩٢ ) .**

**٣- تۆپۆگرافیای ڕەفتار : مەبەست لە تۆپۆگرافیای ڕەفتار ئەو فۆڕمەیە کە وەریدەگرێت ، ڕەنگە منداڵان هەندێک جار بە ڕوونی نەنووسن ، بەڵام هەندێکیان بەبەردەوامی بەدەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێنن ، شێوازی نووسینیان تەواو جیاوازە لە شیوازی نوسینی ئەوانی تر ، بۆ نموونە منداڵ ژمارەکان پێچەوانە دەکاتەوە وەک لەوەی کە هەیە .**

**٤- توندی ڕەفتار : ڕەفتار بە نائاسایی دادەندرێت ئەگەر چڕیەکەی نائاسایی بێت ، لەوانەیە ڕەفتارەکە زۆر بەهێز بێت یان زۆر لاواز بێت ، ڕەنگە هەموو منداڵان هەندێک جار بە دەنگێکی نەبیستراو قسەبکەن بەڵام هەندێک منداڵ هەرگیز بە دەنگێکی بیستراو قسەناکەن هەروەها ناڕەزایی خۆمان لە بارودۆخە نا ئارامکەرەکان دەردەبڕین ، بەڵام هەندێکمان لەبەر بێبایەخترین هۆکارەکان مێشکمان لەدەست دەدەین .**

٥- توانای ڕەفتار : ئاماژەیە بۆ ئەو ماوەیەی کە لە نێوان هاندەر و ڕوودانی ڕەفتارەکە تێدەپەڕێک ڕەنگە چەند خولەکێک تێپەڕێت پێش ئەوەی خوێندکار وەڵامی ڕێنماییەکانی مامۆستا بداتەوە ، منداڵ لەوانەیە بۆ ماوەیەکی تا ڕادەیەک درێژ بێدەنگ ببێت پێس ئەوەی وەڵامی پرسیارێکی دیاریکراو بداتەوە ( الخطیب ، ٢٠٠٩ ، لا ٧٣ ) .

## پۆلێنکردنی کێشە ڕەفتارییەکان

به شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک پۆلێنکردن هەیە بۆ کێشە هەڵچوونی و ڕەفتاریەکان کە گرنگترینیان ئەمانەن :

یەکەم : پۆلێنکردنی پەروەردەیی

ئەم پۆلێنکردنە پەیوەندی بەو تێکچوونە هەڵچوونی و ڕەفتارییەوە هەیە کە لە ژینگەی قوتابخانەدا ڕوودەدەن و لە پڕۆسەکانی فێربوون و کارلێکی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگ دەدەنەوە ، ئەو گرنگی دەدات بە پڕۆسە ئەکادیمییەکان و کوالێتی خزمەتگوزاری و پڕۆگرامی پەروەردەیی کە لەسەر بنەمای ئەو جۆرە تێکچوونانە پۆلێن دەکرێن ، بەو پێیەی بۆ چوار پۆل پۆلێنیان دەکات :

١- تێکچوونی پەیوەندی و پەیوەندیکردن .

٢- تێکچوونی هەڵچوونی توند .

٣- تێکچوونی ڕەفتار .

٤- تێکچوونەکانی پەیوەست بە فێربوون .

دووەم : پۆلێنکردنی پزیشکی

ئەم پۆلێنکردنە تیشک دەخاتە سەر هۆکارە ئەندامیەکانی پشت تێکچوونەکان و نیشانە پەیوەندیدارەکان و پۆلێنیان دەکات بۆ چوار گروپ بەم شێوەیە :

١- تێکچوونی گەشەکردنی زمانی گەشەکردن .

٢- تێکچوونی شیزۆفرینیا .

٣- تێکچوونی خەمۆکی کە لە ئەنجامی بەرکەوتن بە نەشتەرگەری ، زەبر یان رووداوی ئازاربەخش دروست دەبێت .

٤- تێکچوونی گەشەی خوێندنەوە .

ئەم پۆلێنکردنە لەسەر بنەمای هۆکارە ناوخۆییەکان وەک هۆکاری تێکچوونی ڕەفتار ، وەک ئەوەی لە کتێبی ڕێنمایی دەستنیشانکردن و ئاماری تێکچوونە دەروونیەکان – چاپی چوارەمی پێداچوونەوە ( DSM –IV -TR ) دا هەیە کە لەلایەن کۆمەڵەی دەروونی ئەمریکییەوە دەرچووە ( A PA , 20 W H O,1992 ) .

چوارەم کتێبی ڕێنمایی دەستنیشانکردن و ئاماری نەخۆشییە دەروونیەکان ئەم پۆلانەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو :

١- کێشەی گەشەکردن : دواکەوتنی دەروونی و ئەکادیمی و کێشەکانی تری گەشەکردن و گرفتی فێربوون.

٢- کێسەی تێکچوونی ڕەفتار : چالاکی زۆر ، شەڕەنگێزی ، سەرقاڵکردن ، تێکدان ، تاوانکاری ، درۆکردن و چەواشەکاری سێکسی .

٣- کێشەی دڵەڕاوکێ : دڵەڕوکێی جیابوونەوە ، دڵەڕوکێی کۆمەڵایەتی ، دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتن لەگەڵ کەسانی تر .

٤- تێکچوونی خواردن : لاوازبوون یان تەنکبوونەوەی نەخۆشی ، بولیمیا ، قەڵەوی ، خواردنی ماددە زیانبەخشەکان .

٥- پێداویستیەکانی جووڵەیی : ڕاکێشانی قژ ، مژینی پەنجە ، گازگرتنی نینۆک .

٦- تێکچوونی دەرهاویشتن : میزکردنی بێ ئیرادە ، پیسایکردن .

٧- تێکچوونی زمان و قسەکردن : قسەکردنی شل ( تەئتەئە ) و ئافازیای دەنگی .

٨- تێکچوونەکانی تر : نەخۆشی دەروونی منداڵی و ئۆتیزم .

سێیەم : پۆلێنکردنی کۆمەڵەی دەروناسی ئەمریکی

کۆمەڵەی دەروناسی لە کتێبی دەستنیشانکردن و ئاماری نەخۆشیە دەروونیەکاندا باس دەست نووسی دەستنیشانکردن و ئاماری نەخۆشیە دەروونیەکان دەکات .

پۆلێنکردنێک بۆ ئەم تێکچوونە هەڵچوونی و ڕەفتاریانەی کە لە منداڵان و هەرزەکاراندا دەردەکەون ، بە پێی سروشتی ئەو نیشانانەی پەیوەستن پێیانەوە و جۆری خزمەتگوزاریەکان

و بەرنامەی چارەسەری گونجاو بۆ هەر یەکێکیان ، ئەم پۆلێنکردنە کۆمەڵێک تێکچوونی هەڵچوونی و ڕەفتاری بەرفراوان لەخۆ دەگرێت ، کە هەندێکیان لە خوارەوە باسکراون ( سەنتەری پێسەر ، ٢٠٠١).

١- تێکچوونەکانی خۆگونجاندن .

٢- تێکچوونی دڵەڕاوکێ .

٣- تێکچوونی وەسوەسی – ناچاری .

٤- تێکچوونی فشاری دەروونی دوای کارەسات .

٥- بێدەنگی هەڵبژێردراو .

٦- کەسی سەرنج / تێکچوونی چالاکی زۆر .

٧- تێکچوونی ڕەفتار .

٨- تێکچوونی هەڵسووکەوتی نادروست .

٩- تێکچوونی دەماری بێئازاری خواردن .

١٠- تێکچوونی بۆلیمیک بۆ نەخۆشەکان .

١١- شڵەژانی دوو جەمسەری تێکچوونی مانیکی – خەمۆکی .

١٢- شڵەژانی خەمۆکی .

١٣- شڵەژانی ڕەهەندی ئۆتیزم .

١٤- تێکچوونی شیزۆفرینیا .

١٥- تێکچوونی تۆرید ( الزغول ، ٢٠٠٦ ، ص ٤٥ ) .

چوارەم : پۆلێنی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO .

سەبارەت بە دەیەمین پۆلێنبەندی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ، ئەم پۆلێنانەی خوارەوەی تێکچوونی هەڵچوونی و ڕەفتاری لەخۆگرتبوو :

١- دواکەوتنی دەروونی ( سوک ، مامناوەند ، توند ، قوڵ یان گەورە ) .

**٢- تێکچوونی گەشەکردنی دەروونی ، لەوانە :**

**أ- تێکچوونی گەشەکردن لە زمان و ئەرکەکانی قسەکردندا ( تێکچوونی بێژەکردنی قسەکردنی تایبەت ، تێکچوونی دەربڕینی زمان ، تێکچوونی وەرگرتنی زمان ، تێکچوونی ئافازیای کتێبخانە کە لەگەڵ سەر ئێشە ، وە تێکچوونی گەشەکردنی دیکەی دیارینەکراو ) .**

**ب – تێکچوونی گەشەسەندنی تایبەت لە کارامەیی خوێندندا ( کێشەی تایبەتی خوێندنەوە، کێشەی ڕێنووسی تایبەت ، کێشەی ژمێریاری تایبەت ،کێشەی تێکەڵاو لە کارامەیی خوێندن ، وە تێکچوونەکانی تری دیارینەکراو )**

**پ – تێکچوونی گەشەکردنی تایبەت لە کارامەیی جوڵەدا .**

**ت – تێکچوونی گەشەسەندنی تێکەڵاوی تایبەت .**

**٣- تێکجوونی ڕەفتار و سۆزداری :**

**أ – ئەو تێکچوونانەی کە بەزۆری لە منداڵیەوە دەستپێدەکەن ( چالاکی زۆر ، تێکچوونی چالاکی زۆر و کەمی سەرنج ADHD ، تێکچوونی هەڵسوکەوت و چالاکی زۆر ، تێکچوونەکانی تری دیارینەکراو )**

**ب – تێکچوونی ڕەفتار ( قەتیز لە خێزاندا ، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە نائاساییە ، لە دەرەوەی یاسا ، تەحەدا و دژایەتی ، تێکچوونەکانی تری دیارینەکراو )**

**ت- تێکچوونی ڕەفتاری و هەڵچوونی تێکەڵاو ( تێکچوونی ڕەفتاری خەمۆکی ، تێکچوونی سۆزداری کە لە منداڵیدا سەرهەڵدانی تایبەتیان هەیە ) ( دڵەڕاوکێی جیابوونەوە ، تێکچوونەکانی تری دیارینەکاو )**

**پ – تێکچوونی سۆزداری کە لە منداڵیدا سەرهەڵدانی تایبەتیان هەیە ( دڵەڕوکێ جیابوونەوە ، دڵەڕاوکێ فۆبی ، دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی ، ڕکابەرایەتی خوشک و برا ، تێکچوونە هەڵچوونیە دیارینەکراوەکانی تر).**

**ج – تێکچوونەکانی کارکردنی کۆمەڵایەتی کە سەرەتایەکی تایبەتیان هەیە لە منداڵیدا ( بێدەنگی هەلبژێردراو ، وابەستی کاردانەوە ، وابەستەیی بە بیرکردنەوەی داخراو ، تێکچوونەکانی تری دیارینەکراو )**

**ح – ناتەواوی پێداویستیەکان ( ناتەواوی پێداویستیە کاتیەکان ، پێداویستیە درێژخایەنەکانی جوڵەیی یان دەنگی ، پێداویستی جوڵەیی و دەنگی هاوبەش ) ( نیشانەکانی تورید و شڵێژانە دیارینەکراوەکان )**

خ – تێکچوونەکانی تری ڕەفتار و هەڵچوونی ( میزکردنی خۆنەویست و پیسایکردنی خۆنەویست ، ئارەزووی خواردن و مادە نامۆکان ، تێکچوونی خواردن لە ساڵانی کۆرپەیی و منداڵیدا ، جوڵەی خۆنەویست ، تێکچوونی قسەکردن کە لە پۆلەکانی تردا پۆلێن نەکراون وەک ( کالجلجة و واللقلقلة ) ، و تێکچوونی ڕەفتاری و هەڵچوونی دیکەی دیارینەکراو ( القريطی ، ٢٠٠٥ ، ص ٥٥٣ ) .

پێنجەم : پۆلێنەکانی تر

پۆلێنکردنی تری تێکچوونە ڕەفتاری و هەڵچوونیەکان هەن کە کۆمەڵێک ڕەهەند تێکەڵدەکەن و تا ڕادەیەک نیگەرانیە پزیشکی و پەروەردەی و کۆمەڵایەتی و یاساییە جیاوازەکان لەبەرچاو دەگرن لەوانە :

أ – کۆی تێکچوونە هەڵجوونی و ڕەفتارییەکان بۆ چوار ڕەهەند پۆلێن دەکات بە پشتبەستن بە تێبینی و خەمڵاندنی دایک و باوک ، مامۆستا ، پزیشک ، توێژینەوەی کەیس و بەکارهێنانی لیستی هەڵسەنگاندن دوای بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری کۆمپیتەری لەسەر داتاکان ، بەو پێیەی گەیشتە پۆلێنکردنی چوار ڕەهەندی تێکچوونەکان بەم شێوەیە :

١- تێکچوونی ناپێگەیشتن : لە کەمی سەرنج ، چالاکی زۆر ، ئەنارکیزم ، شکستهێنان لە جێبەجێکردن ئەرکەکان ، خەونەکان ، وابەستەیی و ئۆتیزمدا نوێنەرایەتی دەکرێت .

٢- تێکچوونی هەڵسووکەوتی خراپ لەوانە نافەرمانی ، یاخیبوون ، بێمتمانەیی بە کەسانی کە ، سەرپێچی، هێرشکردنە سەر ، وەڵامنەدانەوەی داواکاری و فەرمانی گەورەکان .

٣- تێکچوونی کەسایەتی : لەوانە کشاندنەوە ، شەرم ، خەمۆکی ، دڵەڕاوکێ ، تورەبوون ، کەمی متمانە بە خۆبوون و گرژی .

٤- لادانە کۆمەڵایەتیەکان : لەوانە دزی ، تێکدان ، شەڕانگێزی و خۆدزینەوە لە قوتابخانە ، وە مەیلی بەرەو منداڵانی تاوانبار و دڵسۆزی بۆیان .

ب- عبدالله ( ٢٠٠١) پۆلێنکردنێکی دیکە دەخاتە ڕوو کە کۆمەڵێک پۆل لەخۆدەگرێت بەم شێوەیە:

١-تێکچوونی ڕەفتاری ناپێگەیشتتوو : کۆمەڵێک تێکچوون و کێشەی هەڵچوونی و ڕەفتار لەخۆ دەگرێت وەک کەمی سەرنج ، چالاکی زۆر ، ئیمپاڵسیف ، خەونی رۆژانە ، خۆپەرستی ، پشتبەستن بە کەسانی دیکە ، ئۆتیزم .

٢- تێکچوونی دڵەڕاوکێ و نائارامی : لەوانە دڵەڕاوکێ ، ترس ، خەمۆکی ، شەرمنی ، ڕەفتاری ناچاری و وەسوەسە ، هەروەها هەستیاری زۆر .

٣- تێکچوونی خووی ڕەفتار : ئەمانە بریتین لە مژینی پەنجەی گەورە ، گازگرتنی نینۆک ، میزکردنی خۆنەویست ، تێکچوونی خەو ، کێشەی نەمانی ئارەزووی خواردن ، تێکچوونی قسەکردن وەک لکەلکە .

٤- کێشەی دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا : لەوانە شەڕانگێزی ، کێبڕکێ ، ئیرەیی ، ئینترۆڤێرشن .

٥- تێکچوونی ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی : بریتییە لە نافەرمانی ، یاخیبوون ، دزیکردن ، درۆکردن ، فێڵکردن ، هەڵهاتن لە قوتابخانە ، ماڵ ، تێکدان ..... هتد .

٦-کێشەکانی تری ڕەفتار : لەوانە بەکارهێنانی مادەی هۆشبەری پزیشکی ، ئالوودەبوون بە مادەی سەرخۆش و مادەی هۆشبەر ، جگەرە کێشان ، پراکتیزەکردنی هەڵسووکەوتی سێکسی هەڵە ، پاڵنەری خراپی بەرەو خوێندن ، هەروەها پراکتیزەکردنی خوی هەڵەی خوێندن ( الزغول ، ٢٠٠٦ ، ص ٧٧ ) .

## تایبەتمەندیەکانی ئەو منداڵانەی کە کێشەی ڕەفتارییان هەیە

١- چالاکی زیادە یان چالاکی لە ڕادەبەدەر : چالاکیی زیادە یان چالاکی زیادەڕۆیی بەو مانایە کە منداڵ چالاکیی جوڵەیی زیادەڕۆیی ئەنجام دەدات کە ئامانجدار نییە یان ئامانجێکی نییە ، زۆرجار لەگەڵ ماوەیەکی کورتی سەرنجی منداڵەکە و ئاسانکاری بڵاوبوونەوەیدا دەبێت .

٢- ڕەفتاری شەڕانگێزی : ڕەفتاری شەڕانگێزی و تێکدەر یەکێکە لە تایبەتمەندییە دەرونییە باوەکانی ئەو کەسانەی کە کێسەی ڕەفتاریان هەیە ، هەرچەندە وەڵامدانەوەکان بۆ توندوتیژی و شەڕانگێزی وەک ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندا لە هەموو منداڵاندا سەرهەڵدەدەن ، بەڵام بە زیادەڕەوی لە منداڵانی تووشبوو بە ڕەفتاردا ڕوودەدەن کێشەکانی شەڕانگێزی بریتیە لە زیانگەیاندن بە شتەکان یان بەرامبەر بە خۆی یان بەرامبەر بە کەسانیی تر وە بەکارهێنانی سزا وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری شەڕانگێزی ، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە منداڵدا .

٣- سەرقاڵبوون یان بێ ئاگایی : هەندێک لە منداڵان ڕووبەڕووی قورسایی دەبنەوە لە کاتی سەرنجدان لەسەر ئامانجێک یان چالاکیەک ، بۆیە زۆر بە ئاسانی سەرنجیان پەرت و بڵاو دەبێت .

٤- ڕەفتاری کشاندنەوە : منداڵان شکست دەهێنن لە ئەنجامدانی کارلێکێکی کۆمەڵایەتی و هەست بە کەمی توانای کێبڕکێکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان دەکەن بەهۆی شکستی خوێندنی دووبارەبووەوە ، ڕەنگە هەندێک لەو منداڵانە کە کێشەی فێربوونیان هەیە مەیلیان بۆ تەنیایی و داپڕانی کۆمەڵایەتی هەبێت و ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی بێتوانایی بۆ ئەوەی کارلێکی ئەرێنی

لەگەل هاوتەمەنەکانیان یان ئەو گەورانەدا بکەن کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن . کاریگەرییە نەرێنیەکانی کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی و پێنەگەیشتنی کەمتر نین لە کاریگەرییەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی و شێوازە ڕەفتارییە نەگونجاوەکانی تر و زۆرکەم کارێک لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا دەکات .

٥- دڵەڕاوکێ : تیۆرییە دەروونیەکان دەبینن کە دڵەڕاوکێ هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ زۆربەی کێشەکانی ڕەفتار لە منداڵاندا ، هەروەها منداڵانی دڵەڕاوکێ زۆرجار چەندین مۆدێلی ڕەفتاری پەرەپێدەدەن کە وەک تێکچوون سەیر دەکرێن ، هەروەها سەرچاوەی نەخۆشی کەسین و ڕێگری لە ئەرکە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان دەکەن و تاک بخاتە بازنەیەکی خراپەوە ئەمەش وایلێدەکات لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەگونجێت .

٦- نزمی یان لاوازی تێگەیشتن لە خود ( خۆ بەکەم زانی ) : ئەو منداڵانەی کێشەی ڕەفتاریان هەیە کەمتر متمانەیان بە خۆیان هەیە ، هەروەها چەمکی خودێکی ئەرێنیان نییە و چەمکی خودیان لە چاو هاوتەمەنەکانیان کە منداڵی ئاسایین نزمترە واتە خودیان نەرێنییە .

٧- خراپ گونجاندنی کۆمەڵایەتی : خراپ گونجاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە پابەندبوون بە یاساکان و ڕێنماییەکان یان سیستەمی کۆمەڵایەتی و تێپەڕاندنی سنوورەکانیانەوە هەیە .

ئەنجامدانی کارێک کە لە لای کۆمەڵگە قبووڵ نییە ، پێشێلکردنی ڕێنماییەکانی قوتابخانە یان ئەوانی تر ، تاکی نەگونجاو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەردەوام لە ململانێدایە لەگەڵ ئەو بەهایانەی کە دەبێت لە کۆمەڵگا و قوتابخانەدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و ڕێزیان لێبگیرێت .

٨- وابەستەیی : زۆرێک لە منداڵانی توشبوو بە تێکچوونی ڕەفتار وابەسیەتت زیادەڕۆی بەدەست دەهێنن ، واتە زیادبوونی وابەستەیی بە کەسانی تر وە دایک و باوک و مامۆستا و ئەوانی تر ، لە ڕیگەی داواکردنی هاوکاری نائاسایی ، سروشتی ئەو چالاکییانەی کە هاوتەمەنەکانیان ئەنجام دەدەن ، هرچییەک بێت هەستکردن بە بێدەسەڵاتی یان بێدەسەڵاتی فێربوون یان وابەستەیی .

٩- دەستکەوتی ئەکادیمی : زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە دەستکەوتی ئەکادیمی ئەوانەی کێشەی ڕەفتاریان هەیە کەمە کاتێک بەراورد دەکرێت بە دەستکەوتی ئەکادیمی ئەوانەی کێشەی ڕەفتاریان هەیە کەمە کاتێک بەراورد دەکرێت بە دەستکەوتی ئەکادیمی منداڵانی ئاسایی ( بطرس ، ٢٠١٠ ، ص ١٨ ) .

منداڵانی تێکچوو لە ڕووی هەڵچوون و ڕەفتارەوە بەزۆری بەدەست ئاستێکی نزم لە دەستکەوتی ئەکادیمیدا دەناڵێنن بە بەراورد بە هاوتەمەنەکانیان کە منداڵی ئاسایین و ئەم لاوازییە تەنها لە بابەتێکدا سنووردار نییە ، بەڵکو بۆ هەموو بابەتەکان و چالاکییە ئەکادیمییەکان درێژدەبێتەوە ( الزغول ، ٢٠٠٦ ، ص ٨٧ ) .

## هۆكارەكانی دروستبوونی كێشە ڕەفتارییەكان

١- هەستكردن بە ترس : ترس دۆخێكی سۆزداری ناوەكی سروشتییە كە لە هەموو مرۆڤێكدا بوونی هەیە بەڵام ترس لەوانەیە نەخۆشی بێت كاتێک ناگونجێت لەگەڵ واقعی ئەو شتەی كە لە واقیعدا هەیە ، واتە پەیوەندی ئەو لەگەڵ شتێكدا كە ترسناک نییە و بۆ ماوەیەک بەردەوام دەبێت ، كە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی منداڵەكە خۆی لەگەڵیدا نەگونجێت ، ئەمەش لە ڕەفتارەكانیدا ڕەنگ دەداتەوە ، یەكێک لە ڕێگاكانی لابردنی ترس لە منداڵدا ڕێگریكردنە لە وروژاندن بۆ ترس ، وە ئەوەش بە دووركەوتنەوە لە هۆكارەكانی ترس و ڕوونكردنەوەی ترسە نامۆكان و نزیككردنەوەیان لە تێگەیشتنی خۆی و بەستنەوەی بە شتە دڵگیرەكانەوە و دواجار دوركەوتنەوە لە بەكارهێنانی توندوتیژی بۆ چارەسەركردنی كێشەكان .

٢- كەمی متمانە بە خۆبوون : كە پەیوەستە بە هۆكارەكانی وەک ترس ، لاوازی جەستەیی یان ئەو بارودۆخە كۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەی كە تێیدایە .

٣- كەشی خێزان : لە ڕێگەی پەیوەندی دایک و باوک و ڕادەی هاوئاهەنگی و لێكتێگەیشتن یان نەبوونی یان لەدەستدانی كەش و هەوای خێزانەوە دروست دەبێت ، لە ڕێگەی جیابوونەوەی دایک و باوک یان یەكێكیان یان بارودۆخی لەدەستدانی خێزانەكە كە دڵی منداڵەكاندا بوونیان هەیە ، ترس و ناسەقامگیری و هەستی دەمارگیری كە لە ئەنجامدا كاریگەری خراپی لەسەر ڕەفتارەكانیان دەبێت .

٤- چاوەڕوانییە نەگونجاوەكان بۆ ئاستی گەشەكردن : هەر قۆناغێكی گەشەكردنی منداڵ تایبەتمەندی و پێداویستییەكانی خۆی هەیە ، هەروەها دەستدرێژیكردنە سەر منداڵان بەهۆی هەڵسوكەوتەكانیەوە بۆیە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت كە چاوەڕوانییەكانی گەورە ساڵان لەگەڵ توانای منداڵان دەگونجێت .

٥- كێشەی تەندروستی : تەندروستی منداڵ گەورەترین كاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتاریان چوونكە كەمیان هەیە ئەو هەستە كارایەیان دەربڕن ، بەتایبەتی ئەوانەی كە تووشی نەخۆشییە درێژخایەنەكان دەبنەوە كە كاریگەری لەسەر ئاستی چالاكی و ئەدای ئەكادیمییان هەیە .

٦- بەدخۆراكی : منداڵ كاریگەری لەسەر ئەو خۆراكە دەبێت كە دەیخوات منداڵێک كە خۆراكی ناهاوسەنگ بێت چەندین كێشەی ڕەفتاری نیشان دەدات .

٧- كەمی هەستیاری : ئەو منداڵانەی توانای بیستنیان لاوازە متمانەیان بە خۆیان نییە ، هەروەها ئەوانەی بینینی چاویان لاوازە ..... هتد ( جودة ، ٢٠١٤ ، لا ٦٧ ) .

## یەکەم : کێشەی ڕەفتاری شەڕانگێزی ( هەڵسوکەوتی شەڕانگیزی )

ڕەفتاری شەڕانگێزی یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی زۆرێک لە منداڵان کە کێشەی ڕەفتار و هەڵچوونیان هەیە ، هەرچەندە شەڕانگیزی بە ڕەفتارێکی باو لە نزیکەی هەموو کۆمەڵگاکاندا دادەندرێت ، بەڵام پلەکانی شەڕانگێزی هەیە ، هەندێکیان قبووڵکراون وەک ( بەرگریکردن لە خود ، بەرگریکردن لە مافی کەسانی دیکە ...... هتد ) هەندیکی تریشیان قبووڵنەکراو و ڕەفتارێکی تێکدەر دادەندرێت لە لێکۆڵینەوە لەم ڕەفتارە چوونکە دەرئەنجامەکانی بە مەترسیدارتر دادەندرێت بۆ کۆمەڵگا لە دەرئەنجامەکانی ئەنجامی ڕەفتارەکانی تر کە تایبەتمەندی زۆرێک لە منداڵانی تێکچووی ڕەفتار (یحیی ، ٢٠٠٠ ، لا ١٨٥ ) .

## پوختەیەک لەسەر چەمک و مانای شەڕانگێزی

چەمکی شەڕانگێزی لە دەروونناسی و بوارە جیاوازەکانیدا بەکاردێت بۆ نیشاندانی وەڵامێک کە مرۆڤ بەهۆیەوە وەڵامی نائومێدی و بێزاری و بێبەشی دەداتەوە ، بە هێرشکردنە سەر سەرچاوەی نائومێدی یان جێگرەوەی .

(Buss,1961 ) شەڕانگێزی بەم شێوەیە پێناسەدەکات : ڕەفتارێک کە تاکێک بە شێوەیەکی زارەکی ، جەستەیی یان ماددی ، ڕاشکاو یان نادڵنیایی ، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ، چالاک یان نەرێنی و لە ئەنجامی ئەم ڕەفتارەدا زیان یان کەمی جەستەیی یان مادی دەگەیەنێت لەسەر کەسەکە خۆی یان یان بەڕیوبەرەکە یان کەسانی تر .

( Berkowitz , 1964) بە ڕەفتارێک پێناسەی دەکات کە ئامانجی زیانگەیاندن بە مەبەستی زیانگەیاندن بە کەسانی دیکە .

١- لەدەستدانی بیستنی سووک: پلەکەی لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ دیسیبڵدایە، ئەوانەی تووشی ئەم پلەیە لە لاوازی بیستن دەبن، بە پۆلێکی مامناوەند لە نێوان ئاسایی و سەختی بیستن دادەنرێت، و توانای فێربوونی زمان و قسەکردنیان لە ڕێگەی گوێیەوە بە شێوەی ئاسایی هەیە.

٢- لەدەستدانی بیستنی پەراوێزی: پلەکەی لە نێوان ٣٠ بۆ ٤٠ دیسیبڵدایە، هەرچەندە تاکەکانی ئەم پۆلە تووشی هەندێک کێشە دەبن لە بیستنی قسەکردن و بەدواداچوون بۆ گفتوگۆ

ئاساییەکانی دەوروبەریان، بەڵام دەتوانن پشت بە گوێچکەکانیان ببەستن بۆ تێگەیشتن لە قسەکردن و فێربوونی زمان.

٣- لەدەستدانی بیستنی مامناوەند: لە پلەکانیدا لە نێوان ٤٠ بۆ ٦٠ دیسیبڵدایە، و ئەو کەسانەی ئەم پلانەی لەدەستدانی بیستنیان هەیە بەدەست کێشەی زیاترەوە دەناڵێنن لە پشتبەستن بە گوێچکەکانیان لە فێربوونی زمانەکەدا مەگەر پشت بە بینینی خۆیان ببەستن وەک هەستێکی یارمەتیدەر، مەگەر هەندێک ئامێری بیستنی گەورەکەر بەکاربهێنن، وەکو هێدفۆن، و ڕاهێنانی پێویستی بیستن بەدەستبهێنن.

٤- لەدەستدانی بیستنی توند: پلەکەی لە نێوان ٦٠ بۆ ٧٥ دیسیبڵدایە، تاکەکانی ئەم گروپە پێویستیان بە خزمەتگوزاری تایبەت هەیە بۆ ڕاهێنانیان لە بواری قسەکردن و فێربوونی زماندا، بەو پێیەی بەدەست کێشەیەکی زۆرەوە دەناڵێنن لە بیستن و جیاکردنەوەی دەنگەکان، تەنانەت لە دووری نزیکیشەوە ، جگە لە کەموکوڕی قسەکردن، لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە بە نابیست دادەنرێت.

٥- لەدەستدانی قووڵی بیستن: دەگاتە پلەی ٧٥ دیسیبڵ یان زیاتر و تاکەکانی ئەم پۆلە ناتوانن، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، لە قسەکردن تێبگەن و فێری زمان بن، جا چ بە پشتبەستن بە گوێچکەکانیان یان تەنانەت بە بەکارهێنانی ئامێری بیستن (بخش ، ٢٠٠٠ ، لا ٧٢ ).

## نیشانەکانی گرفتی بیستن

( عبید ، ٢٠٠٠ ) و (الصفدي ، ٢٠٠٣ ) باسیان لە کۆمەڵێک ئاماژەی سەرەکی کردووە کە دەتوانێت بە مانای پێویستی ڕەوانەکردنی تاکەکەسەکە بێت بۆ پزیشکی پسپۆڕی بیستن، کە بریتین لە:

١- بوونی کێشەیەکی دیاریکراو لە گوێدا، وەک ئازار، دەنگی نامۆ ، یان کۆبوونەوەی مادەی نائاسایی .

٢- لاوازی لە دەربڕینی دەنگەکاندا، بەتایبەتی نەهێشتنی دەنگە بزوێنەکان ، قسەی پێگەیشتوو یان شلۆق ، لەوانەیە منداڵەکە لە مانگەکانی یەکەمەوە واز لە دروستکردنی دەنگ بهێنێت و ئەمەش پەیوەندی بە پلەی برینداربوونیەوە هەیە.

٣- ئاگاداری نزیکبوونەوە لە سەرچاوەکانی دەنگ و بەرزکردنەوەی دەنگی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بەشێوەیەکی بێزارکەر بۆ کەسانی تر ، وە کاتێک کەسانی تر قسەی لەگەڵ دەکەن داوایان لێدەکات دەنگیان بەرز بکەنەوە.

**٤- هەڵدەستێت بە نزیکردنەوەی سەری بەرەو لای کەسی قسەکەر بۆئەوەی زیاتر ببیستێت ، جگە لەوەش لەوانەیە کەسەکە دەستی بخاتە سەر گوێی وەک ئەوەی هەوڵی هەڵگرتن یان کۆکردنەوەی دەنگەکان بدات.**

**٥- ئەو کەسە چەندین جار داوا لە کەسانی تر دەکات ئەو شتانەی پێیان وتووە دووبارەی بکەنەوە.**

**٦- گرنگی نەدان و وەڵامدانەوەی قسەکەر کاتێک بە دەنگێکی سروشتی قسە دەکات، وەک چۆن لەوانەیە ئەوەی لێی داواکراوە نەیکات چونکە نایبیستێت یان تێناگات چی لێ چاوەڕوان دەکرێت.**

**٧- زوو زوو نیشانەکانی سەرمابوون و دەردانی گوێ و کێشەی هەناسەدان لە ئەنجامی هەوکردنی توند لە گوێی ناوەڕاست و بۆری هەناسەدا، ئەم کێشانە هەندێک جار پەیوەندییان بە لەدەستدانی بیستنی کاتی یان درێژخایەن هەیە.**

**٨- بێ ئاگای و گرنگی نەدان بەو چالاکیانەی کە پێویستیان بە گوێگرتن و بەکار هێنانی زمان هەیە ، ئەمەش وادەکات کەسی توشبوو ئارەزووی پەیوەندی نەبێت لەگەڵ کەسانی تر ، حەزی لە گۆشەگیری و دورەپەرێزی دەبێت .**

**٩- تایبەتمەندە بە پەرشوبڵاوی و سەرلێشێواوی، بەتایبەت لە ئەگەری دروستبوونی دەنگی لاوەکی، چ لە شوێنی داخراو یان کراوەدا.**

**١٠- تێبینی ئەوە دەکرێت ئەو منداڵەی کە کێشەی بیستنی هەیە بە گشتی باری ئەکادیمی خراپی هەیە، و بەتایبەتی لە تاقیکردنەوەکانی زارەکیدا.**

**١١- گلەیی لە ئازاری گوێ یان سەختی بیستن، و ناڕەحەتی بەهۆی بوونی دەنگی نامۆ لە گوێ یان بەردەوامی زرنگانەوە .**

**١٢- پشت بەستن بە ئاماژە لەو بارودۆخانەدا کە قسەکردن کاریگەرتر و بەسوودترە، هەروەها کەسی کەم بیستن زۆرجار ئاماژەکان دەکاتە سیستمی زمانی ئیشارەت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دیکە.**

## هۆکارەکانی تێکچوونی بیستن

هۆکارەکانی تێکچوونی بیستن دابەش دەکرێن بەسەر دوو گرووپی سەرەکیدا هۆکاری یەکەم: کۆمەڵێک هۆکار بەهۆی هۆکارە بۆماوەییەکانەوە ، دووەم : کۆمەڵێک هۆکاری پەیوەندیدار بە هۆکارە ژینگەییەکانەوە، ئەمانەی خوارەوە گرنگترین هۆکارەکانی تێکچوونی بیستنن بەپێی ئەم پۆلێنکردنە:

**یەکەم/ هۆکارەکانی پەیوەست بە هۆکارە بۆماوەییەکان ( جینیەکان ):**

گرنگترین لەو هۆکارانە جیاوازی فاکتەری RH لە نێوان دایک و کۆرپەلە( RH )ە کە بریتیە لە ناتەبایی خوێنی دایکی دووگیان و کۆرپەلە، کاتێک ڕوودەدات کە خوێنی کۆرپەلە خاڵی بێت لە فاکتەری RH و باوکەکە ئەم فاکتەرەی هەبێت، لەم حاڵەتەدا ڕەنگە کۆرپەلە فاکتەری ڕیسی لە باوکەوە بە بۆماوە وەربگرێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی خوێنی کۆرپەلە بۆ ناو خوێنی دایکەکە، بەتایبەتی لە کاتی منداڵبووندا ، کە وا دەکات خوێنی دایک دژەتەن بەرهەم بهێنێت چونکە خوێنی کۆرپەلە جیاوازە لە خوێنی ئەو ، ئەم دژەتەنانە لە ڕێگەی منداڵدانەوە دەگوازرێنەوە بۆ خوێنی کۆرپەلە ، لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا چەندین ئاڵۆزیی ڕوودەدەن، لەوانەش لاوازی بیستنی منداڵەکە (القمش والمعايطة ، ٢٠٠٩ ، ص٨٣ ).

**دووەم / هۆکارەکانی پەیوەست بە هۆکارە ژینگەییەکان :**

کە دوای پرۆسەی پیتاندن واتا پێش منداڵبوون و لە کاتی منداڵبوون و دوای منداڵبوون ڕوودەدات گرنگترینی ئەم هۆکارانە بریتین لە:

١- سورێژەی ئەڵمانی تووشی دایکی دووگیان دەبێت: نەخۆشییەکی ڤایرۆسی درمیە کە تووشی دایکی دووگیان دەبێت و زیان بە خانەکانی ناو چاو و گوێ و کۆئەندامی دەماری ناوەندی و دڵی کۆرپەلە دەگەیەنێت بەتایبەت لە سێ مانگی یەکەمی دووگیانیدا، و هۆکاری زۆرێک لە کەمئەندامییە، لەوانەش لاوازی بیستن.

٢- هەوکردنی گوێی ناوەڕاست: هەوکردنی ڤایرۆسی یان بەکتریایە، ئەم هەوکردنە دەبێتە هۆی زیادبوونی دەردانی شلەی جەلاتین لەناو گوێی ناوەڕاستدا، کە لەوانەیە ڕێگری لە تەپڵی گوێ بکات لە لەرزین بەهۆی زیادبوونی چڕی و چەسپاوی ئەم شلەیە، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی لاوازی بیستن.

٣- هەوکردنی پەردەی مێشک: هەوکردنێکی ڤایرۆسی یان بەکتریایە کە کاریگەری لەسەر پەردەی مێشک دەبێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی گوێی ناوەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی بیستنی ئاشکرا.

٤- کەموکوڕی زگماکی لە گوێی ناوەڕاست: وەک شێواوی لە تەپڵی گوێ یان ئێسکی چەکوش ودەزگا و ئێسکە ئاوزەنگ ، هەروەها شێواوی زگماکی لە کەناڵی بیستن یان بەرکەوتنی بە هەوکردن و وەرەم.

٥- برینداربوون و ڕوداوەکان: نموونە لە کونبوونی تەپڵی گوێ لە ئەنجامی بەرکەوتنی دەنگە زۆر بەرزەکان بۆ ماوەیەکی زۆر، یان بریندابوونی سەر یان شکانی کەلەی سەر، کە لەوانەیە ببێتە هۆی خوێنبەربوون لە گوێی ناوەڕاستدا، ببێتە هۆی تێکچوونی بیستن.

٦- ئەو چلکنانەی کە پەردەی ناوەوەی گوێچکە دەردەدرێن کۆدەبێتەوە، و بەم شێوەیە ڕەق دەبێتەوە، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی گیرانی بەشێکی کەناڵی بیستن، ڕێگری دەکات لە گەیشتنی دەنگ بۆ ناوەوە.

٧- بەدخۆراکی دایکی دووگیان، و ئەمەش پێویستی بەوەیە دایک زیاتر گرنگی بە خۆراک بدات لەکاتی دووگیانیدا.

٨- بەرکەوتنی دایکی دووگیان بە تیشکی ئێکس بەتایبەتی لە سێ مانگی یەکەمی دووگیانیدا.

٩- خراپ بەکارهێنانی دەرمان و دەرمانی دایکی دووگیان بەبێ ئامۆژگاری پزیشک.

١٠- کەمی ئۆکسجین لە کاتی مندالبووندا (القمش والمعايطة ، ٢٠٠٩ ، ص٨٤ ) .

# بەشی سێیەم

## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

- ڕێبازی توێژینەوەکە .
- کۆمەڵگای توێژینەوەکە .
- نموونەی توێژینەوەکە .
- کەرەستەکانی توێژینەوەکە .
- ڕاستگۆی پێوەرەکان .
- جێگیری پێوەرەکان .
- جێبەجێکردنی توێژینەوەکە .
- ئامرازە ئامارییەکان .

## بەشی سێیەم

## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

پێکهاتەی ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان پێکدێت لە ڕێکارەکانی توێژینەوەکە کە خۆی دەبینێتەوە لە ( دیاریکردنی ڕێبازی توێژینەوەکە ، کۆمەڵگای توێژینەوەکە ، دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە ، دیاریکردنی تایبەتمەندیە سایکۆمەتریە پێویستەکان ، دەرکردنی جێگیری و ڕاستگۆیی بۆ ڕێکارە ئەنجامدراوەکان و ڕاستکردنەوەی پێوەرەکان بە بەکارهێنانی ئامڕازە ئامارییەکان ) کە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامدراون .

## ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەی وەسفی بەراوردیە ، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پڕۆگرامی بەراوردی شیکاریان بەکارهێناوە چوونکە پڕۆگرامەکە ئەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیەکی بەستنەوە لە نێوان گۆڕانکاریەکان و دەرخستنی لەسەر ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوانیاندایە لە پێناوی وەسفکردن و شیکردنەوەی بۆ دیاردەکانی کە بە دواداچوونی بۆ کراوە پڕۆگرامی وەسفی دەگەڕیتەوە بۆ شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستی کە پشتی پێدەبەستێت لە بەدواداچوون بۆ دیاردەکە هەیە لە ڕاستیدا ( ئەنوەر ، ٢٠٠٣ ، لا٤٦ ) .

## کۆمەڵگای توێژینەوەکە

کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکدێت لە :-

یەکەم : منداڵانی (نابینا – نابیست) لە هەردوو پەیمانگای (هیوای نابیستان ) و ( ڕووناکی نابینایان ) لە شاری سلێمانی کە تەمەنیان لە نێوان ( ٦-٩ )ساڵانە بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢-٢٠٢٣) کە توێژەر ژمارەیان نازانێت بە هۆکاری پاراستنی نهێنیەکانی ناو پەیمانگاکان .

دووەم : مامۆستایانی منداڵانی نابینا و نابیستی هەردوو پەیمانگای (هیوای نابیستان ) و ( ڕووناکی نابینایان ) لە شاری سلێمانی کە تەمەنیان لە نێوان ( ٦-٩ ) ساڵانە بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢-٢٠٢٣) کە توێژەر ژمارەیان نازانێت بە هۆکاری پاراستنی نهێنیەکانی ناو پەیمانگاکان .

## نموونەی توێژینەوەکە

پاش دەستنیشانکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە ، سەمپڵی توێژینەوەکە هەڵبژێردرا بە شێوەی بە مەبەست / القصدی / Purposive sample کە (١٠) منداڵی نابینا و (١٠) منداڵی نابیست بوون لە هەردوو پەیمانگای (هیوای نابیستان ) و ( ڕووناکی نابینایان ) لە شاری سلێمانی لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ، بەڵام ئەو سەمپڵەی کە پشتی پێ بەسترا بۆ وەڵامدانەوەی هەردوو ڕاپرسی ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) و ( شەڕانگیزی ) بریتی بوو لە وەڵامی مامۆستایانی ئەم منداڵانە .

## کەرەستەی توێژینەوەکە

توێژەر هەستاوە لەدوای کۆمەڵێک خوێندنەوەی ئەدەبیات و گەڕان لە چەندین سەرچاوە و توێژینەوە وەهەروەها بە سود وەرگرتن لە چەندین توێژینەوەی وەک ( یحیی ، ٢٠٠٦ ) ، ( وافی ، ٢٠٠٦) ، ( صالحة ، ٢٠٠٧ ) ، (شعبان ، ٢٠١٦ ) ، (أبو شعیشع ، ٢٠١٨ ) هەستاوە بە داڕشتنەوە و داڕێژانی ئەم پێوەرە بۆ پێوانی کێشە ڕەفتاریەکانی ( شەڕانگێزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لای منداڵانی نابینا و نابیست لە شاری سلێمانی ، کە پێوەری ڕەفتاری شەڕانگیزی پێکهاتبوو لە (١٦) بڕگە و پێوەری کشاندنەوە پێکهاتبوو لە (١٤) بڕگە کە لە پاشکۆی ژمارە (١) داندراوە .

## ڕاستگۆیی پێوەرەکە

ڕاستگۆیی بە خاڵێکی گرنگ دادەندرێت بۆ پێوانی پێوەرە دەروونییەکان ، لە ڕێگەی ئەم ئامرازە سەرەکییەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە بەکارهێنانی بڕگەکانی پێوەرەکە تاکو چ ئاستێک شیاوە و گونجاوە بۆ پێوانی دیاردەی توێژینەوەکە ( ابوعلام ، ١٩٨٩ ، ص ١٤٤ ) .

پێوەری (شەڕانگێزی) لە (١٦) بڕگە پێکهاتبوو کە جێگرەوەکان بریتین لە : بەڵی (٢نمرە ) ، هەندێک جار ( ١ نمرە ) ، نەخێر ( ٠ ) وەهەروەها پێوەری (کشاندنەوە) لە (١٤) بڕگە پێکهاتبوو کە جێگرەوەکان بریتین لە : بەڵی (٢نمرە ) ، هەندێک جار ( ١ نمرە ) ، نەخێر ( ٠ ) ئەم بڕگانە بە شێوەیەکی سەرەتایی پێشکەش بە پسپۆڕ و شارەزایان کرا . ڕاوبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆیان لەسەر دەربڕی ، کە دواتر ژمارەی بڕگەکان وەک خۆی مایەوە ، دواتر بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێ کرا . ( پاشکۆی ژمارە ٢ ) .

توێژەر پشتی بەست بە ڕێژەی (٨٠٪) کۆ دەنگی نێوان شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە بۆ شیاوی بڕگەکان وەک نزمترین ئاست بۆ پەسەندکردنی هەر بڕگەیەک لە چوارچێوەی ڕا

وەرگیراوەکاندا توێژەران بۆ دەستکەوتنی ڕاستگۆی پێوەر ، بڕگەکانی پێوەرەکان لە شیوەی فۆڕمێکدا دابەشکران بەسەر (٥) مامۆستایان و شارەزایان لە بواری پەروەردە و دەروونزانیدا ، ئەوانیش ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر بڕگەکان دیاریکرد کە ناوی شارەزاکان لە پاشکۆی ژمارە (٣) دا هەیە ، ڕاستگۆیی پێوەری (شەڕانگیزی) نمرەی (٩٧٪ ) وەرگرتوە بەهەمان شێوە پێوەری (کشاندنەوە) نمرەی (٩٧٪) وەرگرتوە . ( پاشکۆی ژمارە ٣ ) .

**خشتەی ژمارە (١)**

**ڕێژەی ڕەزامەندی پسپۆڕان و شارەزایانی پەروەردە و دەروونزانی لەسەر بڕگەکانی ڕاپرسی (شەڕانگێزی ) :**

| ژ.بڕگە | ڕێژەی ڕازی بوون | ڕیژەی ڕازی نەبوون | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١-٢-٣-٤-٥-٦-٧-٩-١٠-١٢-١٣-١٤-١٥ | ٥ | ٠ | ١٠٠٪ |
| ٨-١١-١٦ | ٤ | ١ | ٨٠٪ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ڕێژەی ڕەزامەندی پسپۆڕان و شارەزایانی پەروەردە و دەروونزانی لەسەر بڕگەکانی ڕاپرسی (کشاندنەوە) :**

| ژ.بڕگە | ڕێژەی ڕازی بوون | ڕیژەی ڕازی نەبوون | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١-٢-٣-٤-٥-٦-٩-١١-١٢-١٣ | ٥ | ٠ | ١٠٠٪ |
| ٧-٨-١٠-١٤ | ٤ | ١ | ٨٠٪ |

## جێگیری پێوەرەکە :

**مانای (نەگۆڕی) جێگیری ئەوەیە کە چەندجار ئەو تێستە دوبارە و پراکتیزە لەسەر هەمان نموونەی توێژینەوە دوبارە بکەینەوە ئەوە دەبێت هەمان دەرەنجامیان نزیک لەیەکمان بداتێ (قەرەچەتانی ، ٢٠١٨ ، لا ١٣٠ ) .**

بەبەکار هێنانی هاوکێشەی ( الفا کرونباخ ) دەرچوو کە هەردوو پێوەر جێگیرن بە ڕێژەی ٨٥٪ پێوەری (شەڕانگێزی ) و ٨٨٪ پێوەری (کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) .

## جێبەجێ کردنی توێژینەوەکە :

پاش ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستەکان بۆ پێوەرەکانی شەڕانگیزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکان لەسەر نموونەی توێژینەوەکەی کە (٢٠) مامۆستا کە تێیدا (١٠) مامۆستای قوتابی نابینا و (١٠) مامۆستای قوتابی نابیست بوون لە بەرواری ٢٠٢٣/١/١٣ تاکو ٢٠٢٣/١/٢٦ .

## ئامڕازە ئاماریەکان :

- بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی .
- هاوکێشەی (one sample t-test ) بۆ بەکارهێنان لە :
  - ❖ پێوانی ئاستی شەڕانگیزی لەلای منداڵی نابینا .
  - ❖ پێوانی ئاستی شەڕانگیزی لەلای منداڵی نابیست .
  - ❖ پێوانی ئاستی کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵی نابینا .
  - ❖ پێوانی ئاستی کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی لای منداڵی نابیست .
- بەکارهێنانی هاوکێشەی t-test ی دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ :
  - ❖ جیاوازی ئاستی کێشە ڕەفتاریەکان ( شەڕانگیزی ) لەلای منداڵی نابینا و نابیست .
  - ❖ جیاوازی ئاستی کێشە ڕەفتاریەکان ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لەلای منداڵانی نابینا و نابیست .
- باکارهێنانی بەرنامەی (spss )
- یاسای ئەلفا کورنباخ بۆ دەرهێنانی جێگیری pearson correlation .

## بەشی چوارەم

- خستنەڕوو و راڤەکردنی ئەنجامەکان .
- ڕاسپاردەکان .
- پێشنیارەکان .

# بەشی چوارەم

# خستنەڕوو و ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێکراوە دانراوە توێژەر لەم بەشەدا ئەنجامەکان دەخاتە ڕوو و وتوێژی لەسەر دەکات و ئاماژە بە پێشنیار و پێشنیازەکان دەکات .

## خستنە ڕووی ئامانجەکان و ڕاڤەکردنیان :

ئامانجی یەکەم : زانینی ئاستی بەربڵاوی کێشە ڕەفتاریەکان ( شەڕانگیزی ) لەلای منداڵانی نابیست لە پەیمانگای هیوای نابیستان لە شاری سلێمانی  بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS ) و تۆمارکردنی داتاکان تێیدا ، لە شیکردنەوەی داتاکاندا بۆمان دەرکەوت کە ناوەندە گریمانەیی پێوەری ( شەڕانگیزی ) لای منداڵانی نابیست دەکاتە ( ١٦ ) وە ناوەندی ژمێرەیی کە دەکاتە (١٧ )  هەروەها لادانی ستانداردی دەکاتە ( ٩ ,٦٣٣ ) ، پاشان بە بەکارهێنانی تی تێستی یەک نموونەی ( one sample t-test ) بۆماندەرکەوت کە کە ئاستی شەڕانگێزی ئاماژەی ئاماری نیە ، کە لە ڕێگەی هاوکێشەی تی تێستی یەک نموونەی دەرچوو کە دەکاتە  ( ٠,٣٣ ) بە ئاستی ئاماژەی ( ٠,٠٥ ) کە گەورەتر نیە لە نرخی (تائی خشتەیی) واتا ئاماژەی نیە بە بەهای تائی خشتەیی (٢,٢٦ ) .

ڕاڤەکردنی دەرئەنجامەکە / دەرکەوت ئاستی شەڕانگێزی نزمە لەلای منداڵانی نابیست ، ئەمەش وەک لە بەشی دووەم لە هۆکاری کێشە ڕەفتارییەکان ئاماژەمان دا بە هۆکارە دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان کە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە ئاڕاستەکردنی منداڵان و قبووڵکردنی خودی خۆیان و هەستنەکردن بە کەمی ئەم منداڵانە لەناو پەیمانگا مامەڵەی پەروەردەیی باشیان لەگەڵ ئەکرێت و هەستی خۆ بەکەمزانی و هەستکردنی بە کەمئەندامی لایان نییە و گوێ لە داواکاری و کێشەکانیان ئەگیرێت ، بۆیە لە ڕووی ژینگەییەوە  لە ژینگەیەکی پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی تەندروست دا مامەڵە ئەکەن و کارناکرێتە سەر ئاڕاستەکردنیان و دەربڕینی داواکاریەکانیان بە شێوازی ئاماژە نەک بە شەڕ و قین .

## خشتەی ژمارە (٣)

**ڕێژەی بەربڵاوی کێسە ڕەفتارییەکان ( شەڕانگیزی ) لەلای منداڵانی نابیست ڕووندەکاتەوە :**

| ژ.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی هەژمار کراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەدار | نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٧ | ٩,٦٣٣ | ١٦ | ٠,٣٣ | ٢,٢٦ | ٠,٠٥ | ٩ |

**ئامانجی دووەم : زانینی ئاستی بەربڵاوی کێشە ڕەفتاریەکان ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لەلای منداڵانی نابیست لە پەیمانگای هیوای نابیستان لە شاری سلێمانی بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری ( SPSS ) و تۆمارکردنی داتاکان تێیدا ، لە شیکردنەوەی داتاکاندا بۆمان دەرکەوت کە ناوەندە گریمانەیی پێوەری ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لای منداڵانی نابیست دەکاتە ( ١٤ ) وە ناوەندی ژمێرەیی کە دەکاتە ( ١٧,٥ ) وە هەروەها لادانی ستاندارد دەکاتە ( ٦٨٦, ٦ ) ، پاشان بە بەکارهێنانی تی تێستی یەک نموونەی ( one sample t-test ) بۆماندەرکەوت کە ئاستی کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ئاماژەی ئاماری نیە ، کە لە رێگەی هاوکێشەی تی تێستی یەک نموونەی دەرچوو کە دەکاتە (١,٥٤ ) بە ئاستی ئاماژەی ( ٠,٠٥ ) کە گەورەتر نیە لە نرخی (تائی خشتەیی) واتا ئاماژەی نیە بە بەهای تائی خشتەیی (٢,٢٦ ) .**

**ڕاڤەکردنی دەرئەنجام / هەر وەک کە لەبەشی دووەم ئاماژەمان پێکردبوو کە کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی چەن هۆکارێکی هەیە وەک ( هۆکاری ژینگەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هۆکاری پزیشکی ) کە ئەم هۆکارانە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە دروستکردنی کێشەی ڕەفتاری ، وەک بۆمان دەرکەوت لە ڕێگای ئەنجامدان و پراکتیزەکردنی پێوەری کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەماندا منداڵانی نابیست کێشە و گرفتی کشاندنەوەی کۆمەڵایەتیان نیە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەی دروست لەگەڵیاندا و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانیان و ڕیگریکردن لە کێشە و گیرو گرفتی دەروونی و پزیشکی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی ئەمەش لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستیەکانیان و مامەڵەی دروست لە لایەن پەیمانگا و خێزانەکانیانەوە .**

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ڕێژەی بەربڵاوی کیشەی ڕەفتاری کساندنەوەی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵانی نابیست ڕووندەکاتەوە :**

| ژ.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی هەژمار کراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەدار | نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٧,٥ | ٦,٦٨٦ | ١٤ | ١,٥٤ | ٢,٢٦ | ٠,٠٥ | ٩ |

**ئامانجی سێیەم : زانینی ئاستی بەربڵاوی کێشە ڕەفتاریەکان ( شەڕانگێزی ) لەلای منداڵانی نابینا لە پەیمانگای ڕووناکی نابینایان لە شاری سلێمانی ، بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری ( SPSS ) و تۆمارکردنی داتاکان تێیدا ، لە شیکردنەوەی داتاکاندا بۆمان دەرکەوت کە ناوەندە گریمانەیی پێوەری ( شەڕانگیزی ) لای منداڵانی نابیست دەکاتە ( ١٦ ) وە ناوەندی ژمێرەیی کە دەکاتە ( ٦, ١٥ ) وە هەروەها لادانی ستاندارد دەکاتە ( ٨٢٦, ٣ ) ، پاشان بە بەکارهێنانی تی تێستی یەک نموونەی ( one sample t-test ) بۆماندەرکەوت کە ئاستی شەڕانگێزی ئاماژەی ئاماری نیە ، کە لە ڕێگەی هاوکێشەی تی تێستی یەک نموونەی دەرچوو کە دەکاتە ( ٣١, ٠ - ) بە ئاستی ئاماژەی ( ٠٥, ٠ ) کە گەورەتر نیە لە نرخی (تائی خشتەیی) واتا ئاماژەی نیە بە بەهای تائی خشتەیی (٢,٢٦ ) .**

**ڕاقەکردنی دەرئەنجام / دەرکەوت کە ئاستی شەڕانگیزی نزمە لەلای منداڵانی نابینا ، ئەمەش وەک لە لە پیشتر ئاماژەمان بە هۆکارەکانی شەڕانگێزی کردبوو کە چەند هۆکارێکی هەیە وەک هۆکاری ( خودی یان کەسی ، هۆکاری ژینگەیی ، دەروونی و کۆمەڵایەتی و بۆماوەیی ) کە دیارە منداڵانی نابینا هیچ یەک لەم هۆکارانە کە بەرپرسن لە دروستبوونی کیشەی شەڕانگیزی لەلایان بوونی نیە و ئاستی شەڕانگیزی زۆر نزمە لەلایان کە ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ مامەڵەی دروست لەلایەن خیزانەکانیان و پەروەردەی دروستی ئەم منداڵانە لە پەیمانگا و لەلایەن خیزانەکانیان و فیرکردنی ڕەفتاری دروست و گونجا و دورکەوتنەوەیان لە ڕەفتاری هەڵە و نادروست ، هەروەک دەزانین یەکێک لە ڕیگاکانی فێربوونی ڕەفتاری دروست و نادرووست بینین و دووبارەکردنەوەی ڕەفتاری کەسانی ترە کە دەکرێت ئەمەش هۆکارێک بێت لە هۆکارەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی پەککەوتەیەکەیان کە نابینان و بێبەشن لە بینینی ڕەفتاری شەڕانگیزی کەسانی تر و ئەمەش ڕێگری دەکات لەبینین و دووبارە کردنەوەی ڕەفتاری شەڕانگێزی کەسانی دیکە .**

## خشتەی ژمارە (٥)

ڕێژەی بەربڵاوی کێشە ڕەفتاری شەڕانگێزی لەلای منداڵانی نابینا ڕووندەکاتەوە :

| ژ.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی هەژمار کراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەدار | نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٥,٦ | ٣,٨٢٦ | ١٦ | -٠,٣١ | ٢,٢٦ | ٠,٠٥ | ٩ |

**ئامانجی چوارەم : زانینی ئاستی بەربڵاوی کێشە ڕەفتاریەکان ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لەلای منداڵانی نابینا لە پەیمانگای ڕووناکی نابینایان لە شاری سلێمانی بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری ( SPSS ) و تۆمارکردنی داتاکان تێیدا ، لە شیکردنەوەی داتاکاندا بۆمان دەرکەوت کە ناوەندە گریمانەیی پێوەری ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لای منداڵانی نابینا دەکاتە ( ١٤ ) وە ناوەندی ژمێرەیی کە دەکاتە ( ١٨,٥ ) وە هەروەها لادانی ستاندارد دەکاتە ( ٦,٩٨٩ ) ، پاشان بە بەکارهێنانی تی تێستی یەک نموونەی ( one sample t-test ) بۆماندەرکەوت کە ئاستی کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ئاماژەی ئاماری نیە ، کە لە ڕێگەی هاوکێشەی تی تێستی یەک نموونەی دەرچوو کە دەکاتە (١,٩٣ ) بە ئاستی ئاماژەی ( ٠,٠٥ ) کە گەورەتر نیە لە نرخی (تائی خشتەیی) واتا ئاماژەی نیە بە بەهای تائی خشتەیی (٢,٢٦ ) .**

**ڕاڤەکردنی دەرئەنجام / بەهەمان شیوەی گرفتی شەڕانگیزی ئاستی کشاندنەوەی کۆمەڵایەتیش لەلای منداڵانی نابینا نزمە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هەمان هۆکار کە لە ڕەفتاری شەڕانگیزیا لەلای منداڵانی نابینا باسمان کرد وەک ئەنجامدانی مامەڵەی دروست لەلایەن پەیمانگاکەیان و خێزانەکانیانەوە و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان و بەشدارییپیکردنیان لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانیان و گرینگیدان پییان و ریگریکردن لە دورەپەریزی و گۆشەگیری و چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکانیان و دروستکردنی پەیوەنی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتی کردن لەگەڵیاندا .**

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ڕێژەی بەربڵاوی کساندنەوەی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی نابینا ڕووندەکاتەوە :**

| ژ.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی هەژمار کراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەدار | نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٨,٥ | ٦,٩٨٩ | ١٤ | ١,٩٣ | ٢,٢٦ | ٠,٠٥ | ٩ |

**ئامانجی پێنجەم : بەراوردکردنی کێشە ڕەفتارییەکان ( شەڕانگیزی ) لەلای منداڵانی نابیستی پەیمانگای هیوای نابیستان لە شاری سلێمانی لەگەڵ منداڵانی نابینای پەیمانگای ڕووناکی لە شاری سلێمانی ، بۆ ئەم مەبەستە هاوکێشەی ئاماری (تی تێستی دوو نموونەی سەربەخۆ) بەکارهێندرا کە ناوەندی ژمێرەیی نابیست دەکاتە (١٧) بە لادانی پێوانەیی (٩,١٣ ) وە هەروەها ناوەندی ژمێرەیی نابینا دەکاتە (٦, ١٥) بە لادانی پێوانەیی ( ٤ ,٠٣ ) کە بۆمان دەرکەوت نرخی تائی دەکاتە ( ٠,٤٤ ) کەکەمترە لە بەهای تائی خشتەیی (٢ ,٠٩ ) بە نمرەی ئازادی (١٨) بەواتای ئەوەی کە هیچ جیاوازیەکی ئاماری بوونی نەبوو .**

**ڕەڤەکردنی دەرئەنجام / وەک لە پێشتردا بۆمان دەرکەوت کە ئاستی شەڕانگیزی لەلای منداڵانی نابینا و نابیست نزمە بۆیە هیچ جیاوازیەک نیە لە ئاستی شەڕانگیزی منداڵانی نابینا بەبەراورد بە منداڵانی نابیست دووبارە هۆکارەکانی نەبوونی جیاوازی دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پەروەردەکردن و مامەڵەکردنی ئەو منداڵانە لەلایەن پەیمانگاکانیانەوە کە بە شیوەیەکی باش و گونجاو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و بە شیوەیەکی دروست پەروەردەیان دەکەن ، دەکرێت یەکێکی تر لە هۆکارەکان بەرەوپێشچوونی ئاستی ڕۆسنبیری کۆمەڵگا و خیزانەکانیان بێت بەرامبەر کەسانی نابینا و نابیست و شیوازی مامەڵەی دروستە و گونجاوە لەگەڵیاندا و دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانیانە کە ئەمەش کارناکاتە سەر ئاڕاستەکردنیان و دەربڕینی داواکاریەکانیان بە شیوازی ئاماژە بۆ کەسانی نابیست و شێوازی قسەکردن بۆ کەسانی نابینا نەک دەربڕین و داواکردنی داواکاریەکانیان بە شیوازی شەڕانگیزی .**

## خشتەی ژمارە (٧)

**بەراوردکردنی کێشە ڕەفتارییەکان ( شەڕانگیزی ) لەلای منداڵانی نابیستی و منداڵانی نابینا ڕووندەکاتەوە :**

| ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | نمرەی تائی هەژمارکراو | نمرەی تائی خشتەیی | نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|
| نابینا (١٠) | ١٥,٦ | ٤,٠٣ | ٠,٤٤ | ٢,٠٩ | ١٨ |
| نابیست(١٠) | ١٧ | ٩,١٣ | | | |

ئامانجی شەشەم : بەراوردکردنی کێشە ڕەفتارییەکان ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لەلای منداڵانی نابیستی پەیمانگای هیوای نابیستان لە شاری سلێمانی لەگەڵ منداڵانی نابینای پەیمانگای ڕووناکی لە شاری سلێمانی ، بۆ ئەم مەبەستە هاوکێشەی ئاماری (تی تێستی دوو نموونەی سەربەخۆ) بەکارهێندرا کە ناوەندی ژمێرەیی نابیست دەکاتە (١٧,٥) بە لادانی پێوانەیی (١٧,٥ ) وە هەروەها ناوەندی ژمێرەیی نابینا دەکاتە (٥, ١٨) بە لادانی پێوانەیی ( ٧,٣٦ ) کە بۆمان دەرکەوت بەهای تائی هەژمارکراو دەکاتە ( ٠,٣١ ) کەکەمترە لە بەهای تائی خشتەیی (٢,٠٩ ) بە نمرەی ئازادی (١٨) بەواتای ئەوەی کە هیچ جیاوازیەکی ئاماری بوونی نەبوو .

ڕاقەکردنی دەرئەنجام : وەک لە پێشتردا بۆمان دەرکەوت کە ئاستی کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵانی نابینا و نابیست نزمە بۆیە هیچ جیاوازیەک نیە لە ئاستی کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی لە نێوان منداڵانی نابینا بەبەراورد بە منداڵانی نابیست دووبارە هۆکارەکانی نەبوونی جیاوازی دەگەڕیتەوە بۆ جۆری پەروەردەکردن و مامەڵەکردنی ئەو منداڵانە لەلایەن پەیمانگاکانیانەوە کە بە شیوەیەکی باش و گونجاو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و بە شیوەیەکی دروست پەروەردەیان دەکەن ، دەکرێت یەکێکی تر لە هۆکارەکان بەرەوپێشچوونی ئاستی ڕۆسنبیری کۆمەڵگا و خیزانەکانیان بێت بەرامبەر کەسانی نابینا و نابیست و شیوازی مامەڵەی دروستە و گونجاوە لەگەڵیاندا و دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانیانە کە ئەمەش کارناکاتە سەر ئاڕاستەکردنیان هەروەها گۆڕین و بەرەو پێشچوونی بۆچوون و تێڕوانینیانە بەرامبەر کەسانی نابینا و نابیست بەوەی کە ئەوانیش

بەشیکن لە کۆمەڵگا و بەشدارییپێکردنیانە لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکان و نزیک بوونەوەیانە لێیان و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیە لێیان بەمەش ڕێگری دەکەن لە دورەپەریزی و گۆشەگیری کەسانی نابینا و نابیست .

### خشتەی ژمارە (٨)

بەراوردکردنی کێشە ڕەفتارییەکان ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) لەلای منداڵانی نابیست و منداڵانی نابینا ڕووندەکاتەوە :

| ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | نمرەی تائی هەژمارکراو | نمرەی تائی خشتەیی | نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|
| نابینا (١٠) | ١٨,٥ | ٧,٣٦ | ٠,٣١ | ٢,٠٩ | ١٨ |
| نابیست(١٠) | ١٧,٥ | ١٧,٥ | | | |

## ڕاسپاردەکان :

١- بەردەوام کردنەوەی خول و ۆورک شۆپ لەسەر بابەتی کێشەی ڕەفتاری لەلای منداڵان و چۆنەتی مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ کێشەی ڕەفتاردا و نەهێشتنی کیشەی ڕەفتاری لەلای منداڵان بەتایبەت منداڵانی خاوەن پێداویستی .

٢- هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی وەک ( ئینتەرنێت ، گۆڤار و ڕۆژنامەکان، کەناڵە ڕاگەیاندنەکان )

٣- بەبەردەوامی بڵاو کردنەوەی هەڵمەتی هۆشیاری لە شوێنە گشتیەکان و قوتابخانە و دام و دەزگاکاندا .

## پێشنیازەکان :

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر کێشە ڕەفتارییەکانی تری وەک ( درۆکردن ، دزیکردن ) .

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی لەسەر جیاوازی نێوان منداڵان و هەرزەکارانی نابینا و نابیست لە کێشە و گرفتە دەروونیەکاندا .

٣- جیاوازی کردن لە کێشەڕەفتاریەکان بەپێی ڕەگەز ( نێر / مێ ) .

# سەرچاوە و پاشکۆکان

## سەرچاوەکان :

- **سەرچاوە کوردیەکان :**

**١- ئەنوەر ، کەیوان ئازاد . ( ٢٠٠٣ ) . ڕێبازی لێکۆلینەوەی دەروونی و پەروەردەیی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پەیڤ – سلێمانی .**

**٢- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف . ( ٢٠١٦ ) . سایکۆلۆژیای منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت . .چاپخانەی پیرەمێرد . سلێمانی- عێراق .**

**٣- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف . (٢٠١٨) . پێوان و هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردە و دەرونزانی . چاپخانەی زبانی صلح . تەهران – ئێران .**

- **سەرچاوە عەرەبیەکان**

**١- ابوعلام ، رجاء محمود . (١٩٨٩) . مدخل الى مناهج البحث التربوي . مكتبة الفلاح النشر و التوزيع ، الطبعة الأولى . الكويت .**

**٢- القمش ، مصطفى نوري و المعايطة ، خليل عبدالرحمن . (٢٠٠٩) ،الاضطرابات السلوكية و الانفعالية. دار السميرة للطباعة والنشر و التوزيع ، الطبعة الثانية .عمان .**

**٣- الخطيب ، جمال محمد و الحديدي، منى صبحي . ( ٢٠٠٩ ) . المدخل التربية الخاصة . دار الفكر للنشر . الطبعة الأولى . عمان .**

**٤- الخطيب ، جمال و الصمادي ، جميل و الروسان ، فاروق و الحديدي ، منى و يحيي ، خولة و الناطور ، ميادة و الزرقات ، ابراهيم و العمايرة ، موسى و السرور ، ناديار . (٢٠١٣) . مقدمة في تعليم الطلبة ذوي الحاجات الخاصة . دار الفكر ناشرون و موزعون . عمان – الاردن .**

**٥- الزرقات ، ابراهيم عبد الله فرج .(٢٠٠٣) . الاعاقة السمعية . دار وائل للنشر . طبعة الأول . عمان – الاردن .**

**٦- الشندويلي ، أحمد آدم . ( ٢٠١٨ ) التربية الحركية و فن الحركية للمعاقين بصرياً . نيولينك الدولية للنشر و التدريب . طبعة الاول . القاهرة .**

٧- الظاهر ، قحطان آحمد . ( ٢٠٠٨ ) ، مدخل الى التربية الخاصة . دار وائل للنشر ، طبعة الثانية .عمان .

٨- العقاد ، عصام عبد اللطيف . (٢٠٠١ ) . سيكولوجية العدوانية وترويضها . دار غريب للطباعة والنشرڤ. الطبعة الأولى . القاهرة .

٩- القمش ، مصطفى نوري و المعايطة ، خليل عبدالرحمن . ( ٢٠٠٧ ) . سيكولوجية الأطفال ذوي الاحتياجات الخاصة ( مقدمة في التربية الخاصة) . دار المسيرة للنشر و التوزيع .عمان – الاردن.

١٠- الجبالي ، حمزة . ( ٢٠٠٦ ) . مشاكل الطفل و المراهق النفسية . دار أسامة للنشر و التوزيع . الطبعة الأول . عمان – الأردن .

١١- الحديدي ، منى صبحي . (٢٠١٤) . مقدمة في الاعاقة البصرية . دار الفكر ناشرون و موزعون . الطبعة الاولى . غزة .

١٢- الحربي ، عواض محمد . (٢٠٠٣) . العلاقة بين مفهوم الذات و السلوك العدواني لدى الطلاب الصم . رسالة ماجستير ( منشورة ) . كلية الدراسات العليا . أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية .

١٣- الحريري، رافدة و الامامي ، سمير . (٢٠١١ ) . الارشاد التربوي والنفسي في المؤسسات التعليمية .دار المسيرة للنشر والتوزيع ، عمان – الاردن .

١٤- الخطيب ، الجمال . (٢٠٠٣ ) ، تعديل السلوك الانساني . دار الفكر ناشرون و موزعون ، الطبعة الثانية . عمان .

١٥- الخطيب ، الجمال . (٢٠٠٣ ) ، تعديل السلوك الانساني . مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع ، الطبعة الأولى. الكويت .

١٦- الروسان ، فاروق . ( ٢٠٠١) . سيكولوجية الأطفال غير العاديين . دار الفكر للطباعة والنشر و التوزيع . عمان .

١٧- الروسان ، فاروق . (٢٠٠٩ ) . أساليب القياس والتشخيص في التربية الخاصة .دار الفكر ناشرون و موزعون .عمان –الاردن .

١٨- الزريقات ، ابراهيم عبد الله فرج . ( ٢٠٠٦ ) . الاعاقة البصرية المفاهيم الأساسية والاعتبارات التربوية . دار المسيرة للنشر و التوزيع . طبعة الأول .عمان .

١٩- الزريقات ، ابراهيم عبدالله فرج . ( ٢٠٠٦ ) . الاعاقة البصرية المفاهيم الأساسية و الاعتبارات التربوية . دار المسيرة للنشر و التوزيع . طبعة الأولى . عمان .

٢٠- الزغول ، عماد عبدالرحيم . ( ٢٠٠٦ ) . الاضطرابات الانفعالية والسلوكية لدى الاطفال . الطبعة الاول. دار الشروق . عمان - الاردن .

٢١- الشريف، عبد الفتاح عبد المجيد . (٢٠١١). التربية الخاصة وبرامجها العلاجية. مكتبة الأنجلو المصرية . طبعة الأول . القاهرة – جمهورية مصر العربية .

٢٢- الصفدي ، عصام حمدي . (٢٠٠٣) . الاعاقة السمعية . دار اليازوري العملية للنشر و التوزيع . الأردن .

٢٣- العزة ، سعيد حسني . (٢٠٠٢ ) . المدخل الى التربية الخاصة للأطفال ذوي الحاجات الخاصة. الدار العمية الدولية للنشر والتوزيع ودار الثقافة للنشر والتوزيع . الطبعة الأولى . عمان.

٢٤- الفرماوي ، حمدي علي و النساج ، وليد رضوان . ( ٢٠١٠ ) . الإعاقة العقلية (الإضطرابات المعريفية و الانفعالية ) . دار صفاء للنشر و التوزيع . الطبعة الأولى . عمان – الأردن .

٢٥- القريطي ، عبدالمطلب . (٢٠٠٥) . سيكولوجية ذوي الاحتياجات الخاصة و تربيتهم . دار الفكر العربي . الطبعة الرابعة . القاهرة .

٢٦- القريوتي ، يوسف و السرطاوي ، عبدالعزيز و الصمادي ، جميل . (١٩٩٥) . المدخل إلى التربية الخاصة . دار الفلم للنشر و التوزيع . طبعة الأولى . دبي .

٢٧- المعايطة ، عبدالعزيز و الجغيمان ، محمد عبدالله . (٢٠٠٥) . مشكلات تربوية معاصرة . دار الثقافة . العمان .

٢٨- باظة ، آمال عبدالسميع . (٢٠٠٨) . مقياس السلوك العدواني للاطفال . طبعة الثلاثة . مكتبة الانجلو المصرية . القاهرة .

٢٩- بخش ، أميرة طه . (٢٠٠٠) . مقدمة في التربية الخاصة . مكتبة الملك فهد الوطنية . السعودية .

٣٠- بحراوي ,عاطف عبدالله و التل ، سهير ممدوح . (٢٠١٢م) . النمو اللغوي لدى المعاقين سمعياً. زمزم للنشر والتوزيع . عمان – الأردن .

٣١- بدير ، كريمان محمد . (٢٠١٥ ) . مشكلات طفل الروضة وأساليب معالجتها . دار السميرة للنشر والتوزيع والطباعة . الطبعة الأولى . عمان –الاردن .

٣٢- بطرس ، حافظ بطرس . (٢٠١٠ ) ، طريق تدريس الطلبة المضطربين سلوكياً و انفعالياً . دار المسيرة ، الطبعة الاولى ، عمان-الاردن .

٣٣- جابر، عبدالحميد جابر . ( ١٩٩٤) . علم النفس التربوي . دار النهضة العربية . طبعة الثلاثة . مصر .

٣٤- جودة ، جيهان محمود . (٢٠١٤) ، أساليب التعامل مع المشكلات السلوكية و النفسية للأطفال . مكتب التربية العربي ، الطبعة الاولى .

٣٥- سليمان ، عبدالرحمن و الببلاوى ، إيهاب . ( ٢٠١٠ ) . الآباء والعدوانية لدى الأبناء العاديين وذوي الاحتياجات الخاصة . دار زهراء للنشر والتوزيع . الطبعة الأولى .الرياض .

٣٦- عبدالحي ، محمد فتحي . (٢٠٠٠) . الاعاقة السمعية و برنامج اعادة التأهيل . دار الكتاب الجامعي . طبعة الأول . الامارات العربية المتحدة .

٣٧- عبيد ، ماجدة السيد . ( ٢٠٠٠ ) . السامعون بأعينهم الاعاقة السمعية ، دار صفاء للنشر و التوزيع . عمان .

٣٨- كوافحة ، تيسير مفلح و عبدالعزيز ، عمر فواز .(٢٠١٠) . مقدمة في التربية الخاصة . دار السميرة للنشر والتوزيع والطباعة . الطبعة الرابعة ،عمان-الاردن .

٣٩- مصطفى ، نظمي عودة . (٢٠٠٠) . المدخل الى التربية الخاصة . مكتبة الشهداء للنشر. الطبعة الاولى . غزة .

٤٠- زيدان ، سليمان داود و شواقفة ، سهيل موسى . (٢٠٠٧) ، اساليب الارشاد التربوي . دار جهينة للنشر . عمان – الأردن .

٤١- سيسالم ، كمال سالم . ( ١٩٩٧ ) . المعاقون بصريا خصائصهم ومناهجهم . الدار المصرية اللبنانية. طبعة الأول . القاهرة .

٤٢- عامر ، طارق عبدالرؤوف و محمد ، ربيع عبدالرؤوف . (٢٠٠٨ ) . الاعاقة السمعية . مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع . الطبعة الأولى . القاهرة .

٤٣- مختار ، وفيق صفوت .(١٩٩٩ ) . مشكلات الأطفال السلوكية . دار العلم والثقافة للنشر و التوزيع ، الطبعة الأولى ، القاهرة .

٤٤- مفتاح . (٢٠٠٩) . علاقة التوافق الاجتماعي لدى الاطفال المعوقين سمعياُ ببعض المتغيرات. رسالة ماجستير ( منشورة ) كلية الآداب ، جامعة طرابلس .

٤٥- هالاهان ، دانيال و كوفمان ، جيمس . (٢٠٠٨) . سيكولوجية الاطفال غير العاديين و تعليمهم. ترجمة أ . د. عادل عبدالله محمد . دار الفكرناشرون و موزعون . الطبعة الأولى . العمان.

٤٦- يحيى، خولة أحمد . ( ٢٠٠٠ ) . الاضطرابات السلوكية و الانفعالية . دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع . طبعة الأولى. عمان – الاردن .

٤٧- يوسف ، عصام نمر . ( ٢٠٠٠) . دليل العمل مع الاصم . دار المسيره للنشر و التوزيع . طبعة الأولى . عمان – الأردن .

## سەرچاوە ئینگلیزیەکان :

1- Ferguson , K.T. , &Lee, M. J. (2013).Cognitive , Motor , and Behavioral Development of Orphans of HIV/AIDS in Institutional Contexts . In Neuropsychology of Children in Africa (pp.69-93). Springer New York .

# پاشكۆكان

## پاشكۆی ژماره ١

### وێنەی یەکەم لە پێوەری شەڕانگیزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی

زانكۆی سلێمانی

كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی پەروەردەی تایبەت

قۆناغی چوارەم

خوێندنی باڵا / بەکالۆریۆس

ناوی مامۆستای بەڕێز.........................

پلەی زانستی .............................

**مامۆستای خۆشەویست ئەم کاتەت باش**

خوێندکاری توێژەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردی بە ناونیشانی{ کێشە ڕەفتارییەکانی خوێندکارانی ( نابینا- نابیست) قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە } کە لە کێشە ڕەفتاریەکاندا گرفتی ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی و شەڕانگێزی) لەلای خوێندکاری نابینا – نابیست وەرگیراوە . توێژەر بۆ ئەم ناونیشانە هەستاوە بە ئامادەکردنی ئەم بڕگانە ، کە پێوانی (ڕەفتاری شەڕانگێزی ) و ( ڕەفتاری کشانەوەی کۆمەڵایەتی ) دەکات.

بەپێی ئەو شارەزاییەی ، کە بەڕێزتان هەتانە ، تکایە ڕا و بۆچوونی خۆتان دەربارەی ڕاستی و دروستی بڕگەکان بخەنە ڕوو ، لەگەڵ هەر تێبینیەک ، یاخود هەر سەرنجێک کە هەتانە، وە کلیلی بڕگەکان بریتین لە :- ( گونجاوە ، نەگونجاوە ، تێبینی ) .

سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ ماندووبونتان ....

| | |
|---|---|
| خوێندکاری توێژەر | بەسەرپەرشتی |
| ڕۆزا فەرهاد حەمە | د.کانی سالار |

# سەبارەت بە ڕەفتاری شەڕانگێزی

ڕەفتاری شەڕانگێزی : کێشەی شەڕانگێزی ڕەفتارێکە ، کە بەهۆی تورەیی و ڕق و کێبڕکێی زۆرەوە ڕوو لە زیانگەیاندن ، تێکدان ، یان شکستی کەسانی دیکە بە شێوازی زارەکی ، یان نازارەکی دەکات.

| | بڕگە | گونجاو | نەگونجاو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەکارهێنانی لێدان و شەق و زلە لە هاوڕێکانی . | | | |
| ٢ | شەڕکردنی زۆر لەگەڵ هاوڕێکانی ( لە پۆل و گۆڕەپان ) دا . | | | |
| ٣ | هەمیشە دەست دەکات بە هێرشکردنە سەر کەسانی تر . | | | |
| ٤ | حەزی لە یاری توند و تیژە . | | | |
| ٥ | دڕینی کتێبەکانی ، یان کەرەستەکانی قوتابخانە. | | | |
| ٦ | هێرش دەکاتە سەر کەلوپەلی هاوڕێکانی ( کتێب و کەرەستەی کەسی ) . | | | |
| ٧ | شت دەگرێتە کەسانی تر . | | | |
| ٨ | کەلوپەلی قوتابخانە تێک دەدات . | | | |
| ٩ | پاڵنان و چرنوق (نقورچ) گرتنی کەسانی تری هەیە . | | | |
| ١٠ | ڕاکێشانی قژ ، یان گوێی کەسانی تر . | | | |
| ١١ | گازگرتن و تفکردن و جنێو و وشەی نەشیاو بەکار ئەهێنێت لەگەڵ هاوڕیکانیدا . | | | |
| ١٢ | ئارەزووی ئازاردانی هاوڕیکانی هەیە . | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣ | دەرگا بە توندی دادەخات . | | | |
| ١٤ | بەرهەڵستی دەکات ، ئەگەر ڕێگری بکەیت لەو شتانەی ، کە دەیەوێت . | | | |
| ١٥ | ئاماژەی هەڕەشە ئامێز بەکار دەهێنێت بەرامبەر هاوڕێکانی . | | | |
| ١٦ | بەبوونی کەمترین هۆکار مەیلی شەڕ و توڕەبوونی هەیە . | | | |

## سەبارەت بە ڕەفتاری کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی

کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە هێماکانی دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی کە بەربڵاوە لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی تەمەن ، کە دەبێتە هۆی گۆشەگیری و خود تەنیایی و دورکەوتنەوە لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان .

| | بڕگە | گونجاو | نەگونجاو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەشداری لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ناکات. | | | |
| ٢ | خۆی بە دوور دەگرێت لە نزیکبوونەوە لە هاوڕێکانی . | | | |
| ٣ | ترسی هەیە لە تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی تردا. | | | |
| ٤ | کاتێک ڕەخنەی لێدەگیرێت شوێنەکە بە جێدەهێڵێت. | | | |
| ٥ | بەخێرایی ئەشڵەژێت کاتێک گفتوگۆی لەگەڵ ئەکەیت . | | | |
| ٦ | زۆر گرنگی نادات ، یان خۆی بەدوور ئەگرێت. | | | |
| ٧ | ئارەزووی تەنهایی هەیە . | | | |
| ٨ | شەرمنانە ڕەفتار دەکات لەبەردەم میواندا . | | | |
| ٩ | شەرمکردن لە هەڵوێستە نوێکاندا . | | | |
| ١٠ | دوورکەوتنەوە لە مامەڵە کردن لەگەڵ کەسانی نەناسراودا . | | | |
| ١١ | بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە و بەشداری چالاکییەکان ناکات . | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | کاتێک کەسێک دژایەتی دەکات زۆر کاریگەر دەبێت و دڵتەنگ دەبێت . | ١٢ |
| | | | بە زەحمەت وەڵامی هەر شتێکی دەوروبەری دەداتەوە ، کە ڕوودەدات . | ١٣ |
| | | | بەئاسانی دەگری ، کاتێک کەسێک پێداچوونەوەی بۆ دەکات . | ١٤ |

# پاشکۆی ژمارە (٢)

## ناوی شارەزا و پسپۆرە دەروونیەکان بەپێی نازناوی زانستی و شوێنی کارکردنیان

| ز | ناوی شارەزا و پسپۆڕ | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| ١ | پ . د. کەریم شەریف قەرەچەتانی | دەرونزانی گشتی | زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت – بەشی پەروەردەی تایبەت |
| ٢ | پ.ی. عطا رشید حسێن | ئەدەبی کوردی | زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت – بەشی کوردی . |
| ٣ | د . قادر حسێن صالح | دەرونزانی کەسێتی | زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت – بەشی پەروەردەی تایبەت |
| ٤ | م.ی . دینا عباس نعمت | ڕێنمایی پەروەردەیی و دەروونی | زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت – بەشی پەروەردەی تایبەت |
| ٥ | م. ی . سۆران حمە حەمین | ڕێگاکانی وانە وتنەوە | زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت – بەشی پەروەردەی تایبەت . |

## پاشکۆی (٣)

## وێنەی دووەم لە پێوەری شەڕانگیزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی

## دوای هەڵسەنگاندن لەلایەن شارەزایان

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی پەروەردەی تایبەت

قۆناغی چوارەم

خوێندنی باڵا / بەکالۆریۆس

**سڵاوی زانست ....**

**مامۆستای خۆشەویست ئەم کاتەت باش**

ئەم بڕگانەی کە لەبەردەست بەڕێزتاندایە بۆ مەبەستی توێژینەوەیەکی زانستییە ، هاوکاری بەڕیزتان جێگای ڕێز وسوپاسە ، بەڕێزتان بەشدار دەبیت لە سود گەیاندن بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ( نابینا – نابیست ) بەهۆکاری ئەوەی کە ڕاستەوخۆ توێژەر ناتوانێت بەشدار بێت لە تێبینی کردنی ڕەفتارەکانی منداڵەکە بۆیە بەڕێزتان دەتوانن هاوکار بن لە وەڵامدانەوەی بڕگەکان و دیاریکردنی گرفتە ڕەفتاریەکانی ( شەڕانگێزی و کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ) منداڵانی ( نابینا – نابیست ) , خوێندکاری توێژەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردی بە ناونیشانی { کێشە ڕەفتارییەکانی خوێندکارانی ( نابینا- نابیست) قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە } کە لە کێشە ڕەفتاریەکاندا گرفتی ( کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی و شەڕانگێزی) لەلای خوێندکاری نابینا – نابیست وەرگیراوە . توێژەر بۆ ئەم ناونیشانە هەستاوە بە ئامادەکردنی ئەم بڕگانە ، کە پێوانی (ڕەفتاری شەڕانگێزی ) و ( ڕەفتاری کشانەوەی کۆمەڵایەتی ) دەکات .

بەپێی ئەو ئەزموونەی ، کە بەڕێزتان هەتانە ، داواکارین لە بەڕیزتان هاوکاریمان بکەن لە وەڵامدانەوەی بڕگەکان کە بەرامبەر هەر بڕگەیەک سێ کلیل هەیە ( بەڵێ ، هەندێک جار ، نەخێر ) .

سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ ماندووبونتان .......

مامۆستای پەیمانگای هیوای نابیستان ☐ مامۆستای پەیمانگای ڕووناکی نابینایان ☐

خوێندکاری توێژەر — بەسەرپەرشتی

ڕۆزا فەرهاد حەمە — د.کانی سالار

## سەبارەت بە ڕەفتاری شەڕانگێزی

ڕەفتاری شەڕانگێزی : کێشەی شەڕانگێزی ڕەفتارێکە ، کە بەهۆی توڕەیی و ڕق و کێبڕکێی زۆرەوە ڕوو لە زیانگەیاندن ، تێکدان ، یان شکستی کەسانی دیکە بە شێوازی زارەکی ، یان نازارەکی دەکات.

| | بڕگە | بەڵێ | هەندێک جار | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەکارهێنانی لێدان و شەق و زلە لە هاوڕێکانی . | | | |
| ٢ | شەڕکردنی زۆر لەگەڵ هاوڕێکانی ( لە پۆل و گۆڕەپان ) دا . | | | |
| ٣ | هەمیشە دەست دەکات بە هێرشکردنە سەر کەسانی تر . | | | |
| ٤ | حەزی لە یاری توند و تیژە . | | | |
| ٥ | دڕینی کتێبەکانی ، یان کەرەستەکانی قوتابخانە . | | | |
| ٦ | هێرش دەکاتە سەر کەلوپەلی هاوڕێکانی ( کتێب و کەرەستەی کەسی ) . | | | |
| ٧ | شت دەگرێتە کەسانی تر . | | | |
| ٨ | کەلوپەلی قوتابخانە تێک دەدات . | | | |
| ٩ | پاڵنان و چرنوق (نقورچ) گرتنی کەسانی تری هەیە . | | | |
| ١٠ | ڕاکێشانی قژ ، یان گوێی کەسانی تر . | | | |
| ١١ | گازگرتن و تفکردن و جنێو و وشەی نەشیاو بەکار ئەهێنێت لەگەڵ هاوڕیکانیدا . | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ئارەزووی ئازاردانی هاوڕیکانی هەیە . | ١٢ |
| | | | دەرگا بە توندی دادەخات . | ١٣ |
| | | | بەرهەڵستی دەکات ، ئەگەر ڕێگری بکەیت لەو شتانەی ، کە دەیەوێت . | ١٤ |
| | | | ئاماژەی هەڕەشە ئامێز بەکار دەهێنێت بەرامبەر هاوڕێکانی . | ١٥ |
| | | | بەبوونی کەمترین هۆکار مەیلی شەڕ و توڕەبوونی هەیە. | ١٦ |

## سەبارەت بە ڕەفتاری کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی

کشاندنەوەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە هێماکانی دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی کە بەربڵاوە لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی تەمەن ، کە دەبێتە هۆی گۆشەگیری و خود تەنیایی و دورکەوتنەوە لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان.

| نەخێر | هەندێک جار | بەڵێ | بڕگە | |
|---|---|---|---|---|
| | | | بەشداری لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ناکات . | ١ |
| | | | خۆی بە دوور دەگرێت لە نزیکبوونەوە لە هاوڕێکانی . | ٢ |
| | | | ترسی هەیە لە تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی تردا . | ٣ |
| | | | کاتێک ڕەخنەی لێدەگیرێت شوێنەکە بە جێدەهێڵێت. | ٤ |
| | | | بەخێرایی ئەشڵەژێت کاتێک گفتوگۆی لەگەڵ ئەکەیت . | ٥ |
| | | | زۆر گرنگی نادات ، یان خۆی بەدوور ئەگرێت. | ٦ |
| | | | ئارەزووی تەنهایی هەیە . | ٧ |
| | | | شەرمنانە ڕەفتار دەکات لەبەردەم میواندا . | ٨ |
| | | | شەرمکردن لە هەڵوێستە نوێکاندا . | ٩ |
| | | | دوورکەوتنەوە لە مامەڵە کردن لەگەڵ کەسانی نەناسراودا . | ١٠ |
| | | | بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە و بەشداری چالاکییەکان ناکات . | ١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | کاتێک کەسێک دژایەتی دەکات زۆر کاریگەر دەبێت و دڵتەنگ دەبێت . | ١٢ |
| | | | بە زەحمەت وەڵامی هەر شتێکی دەوروبەری دەداتەوە ، کە ڕوودەدات . | ١٣ |
| | | | بەئاسانی دەگری ، کاتێک کەسێک پێداچوونەوەی بۆ دەکات . | ١٤ |